حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# پەروەردەی ئیسلامی

## قۆناغی بنەڕەتی

## پۆلی نۆیەم


**ئامادەکردنی**

عبدالله عبدالرحمن بابان فاروق محمد علی عباس واحد حمه صالح

عبد الجبار محمد شريف ئازاد عمر سيد أحمد خواجه طه شاهين

**وەرگێڕانی له زمانی عەرەبیەوە**

عبدالقادر امين احمد

**پێداچوونەوەی زمانەوانی**

محسن علي حسين

**سەرپەرشتی زانستی چاپ:** كريم حسن علي

**سەرپەرشتی هونەری چاپ:** خالد سليم محمود

**نەخشەسازی ناوەوە:** يوسف احمد اسماعيل

**نەخشەسازی بەرگ:** رەوەند سعيد صابر

**تایپ:** ئاری محسن احمد - يوسف احمد اسماعيل - شيماء ياسين اكرم

**فۆتۆ:** شێرزاد رسول فقي

**جێبەجێكردنی بژاری هونەری :** نێرگز نورالدين كاكە مصطفى

چاپی حەوتەم

١٤٤٣ كۆچی - ٢٠٢٢ زایینی - ٢٧٢٢ كوردی

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

**پێشەکی:**

ئەم کتێبە - پەروەردەی ئیسلامی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی- هەنگاوێکی دیکەی نێوکاروانی گۆڕانکاری و گەشەپێدانی بەرنامەی پەروەردەی ئیسلامییە.

لە ئامادەکردنی ئەم بەرنامەدا ڕەوتێکی نوێ ڕەچاوکراوە، ئەویش بایەخدان بەپەند وەرگرتن لە ژیانی پێغەمبەران و هەندێك لە هاوەڵان و شوێنکەوتوان و زانایان، وەك سەرمەشقی خزمەتکردن و بانگەواز بۆ ئاینی ئیسلام و خوداناسی، ئەمە سەرەڕای ئاماژە پەرستشییەکان، بە مەبەستی بەرچاو ڕونکردنی نەوەکانمان و شارەزابوونیان لە ئاین و پەروەردەکردنیان بە شێوەیەك ڕۆڵی خۆیان لە بنیاتنانی ئایندەی نیشتماندا بگێڕن.

وەك لە دەستپێکی کتێبە پێشترەکانی ئەم بەرنامەدا ئاماژەمان پێکردووە، ڕۆڵی لیژنەی دانان لێرەدا کۆتایی پێدێت و ئەرکی هاوڕێیانی پەروەردەکارمان دەست پێدەکات لەگەیاندنی ئەم پەیامە بە ڕۆلەکانمان. هەر کەم و کوڕی و هەڵەیەکیان بەدیکرد هیواداریـن ئاگادارمان بکەنەوە تا لە چاپەکانی داهاتودا چارەسەریان بکەین.

لەخودای باڵادەست دەخوازین هەمووومان سەرکەوتووبکات بۆ بەئامانج گەیاندنی کاروانی پەروەردەیی لە کوردستاندا.

**خودا پەناگەی سەرکەوتنە...**

**لیژنەی ئامادەکار**

وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا

# وەرزی یەکەم

# "ئاو سەرچاوەی ژیانە."



# وانەی یەکەم
# تاك و تەنیایی خودای گەورە

**وشەی تاك و تەنیایی بۆ خودای گەورە بە واتای ئەوە دێت:**

١- خـودای گـەورە یەکـە و تەنیایـە و هاوبەشـی نییـە لـە خاوەندارێتـی بـۆ بەندەکانـی، هیـچ دروستکەر و ڕۆزی بەخـش و ڕێکخەرێـك بـۆ ئـەم گەردوونـە نییـە جگـە لـە زاتـی ئـەو. ( قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ) واتـە : ئـەی محمد بڵـێ خـودای گـەورە تـاك و تەنیایـە.

٢- خـودای گـەورە تـاك و تەنیایە هاوبەشـی نییـە لەنـاو و سـیفەتەکانی دا، نـە کـەس لـەو دەچێـت و نـە ئەویش لـە کـەس دەچێـت، ڕکابـەر و هاوشـێوەی نییـە. (لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ) واتە هیچ هاوشـێوەیەکی نییە .

٣- هیچ خوداو پەرستراوێك نییە تەنها (ٱللَّهُ) نەبێت.(لا إله إلا ٱللَّه)

تاك و تەنیایی خودای گەورە لە پەرستن دا:

مەبەسـت لـە درووسـت کردنـی بوونەوەرەکان(مـرۆڤ و جنۆکـە) لەلایـەن خـودای گـەورەوە تەنهـا پەرستن بـووە. لـە ئایەتـی (٥٦ الذاريـات). دا هاتـووە: ( وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ).

١- پەرستن تەنها بۆ خودای گەورەیە.

٢- تاکپەرستنی خودای گەورە ئەرکی سەر شانی هەموو بوونەوەرێکە.

٣- خوداپەرسـتی مانـای جێبەجێکردنـی فەرمانەکانـی خـودای گـەورە و دڵسـۆزییە لـە بەجێهێنانـی پەرستشـە ئیسـلامیەکان و لـە هەمـوو کارێکـی چاکـدا.

## گفتوگۆ

١- مەبەست لە دروووستکردنی بوونەوەرەکان چییە؟

٢- واتای ئەم ڕستەیەی خودای گەورە لەم ئایەتە ( لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ ) چییە؟

٣- تاکپەرستی خودای گەورە چۆن دەبێت؟

٤- ئەم بۆشاییانە تەواو بکە:

خودای گەورە تاکە و ................... نییە لە خاوەنداریەتی و .................. لە ناوەکانی و .........................

دا.



## وانەی دووەم

# توانای خودای گەورە

**توانا و دەسەڵات لەسیفەتەکانی خودای گەورەیە و لە زاتی مەزنی خودای گەورە جیا نابێتەوە**

(... إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ) (البقره ١٠٩).

واتە (خودای گەورە بە دەسەڵات و توانایە بەسەر هەموو شتەکاندا).

خودای میهرەبان دەفەرموێت: ( لَهُ ٱلۡمُلۡكُ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ) (التغابن١).

واتە:(خاوەنداریێتی و ستایش بۆ ئەوە و دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو شتەکاندا).

بەڵگەی هەستپێکراو لەسەر توانا و دەسەڵاتی خودای گەورە وەك ئەوە وایە(یەکێك جل و بەرگێکی جوان و ڕازاوەی ببینێت. کە لە قوماشێکی دەستکرد درووستکرابێت و بە هەموو جۆرە نەخش و نیگارێك ڕازابێتەوە بڵێت ئەمە دەستکردی بێ گیانێکە یان مرۆڤێکی گێل و بێ توانا ئەنجامی داوە).



## بەڵگەکانی توانا و دەسەڵاتی خودا لە گەردوون دا:

**دیاردەی یەکەم**- دیاردەی سێبەر لە بڵاوبوونەوە و چوونە ناو یەکدا.

خـودای میهرەبـان دەفەرموێـت: ( أَلَمۡ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ كَيۡفَ مَدَّ ٱلظِّلَّ وَلَوۡ شَآءَ لَجَعَلَهُۥ سَاكِنٗا ثُمَّ جَعَلۡنَا ٱلشَّمۡسَ عَلَيۡهِ دَلِيلٗا (٤٥) ثُمَّ قَبَضۡنَٰهُ إِلَيۡنَا قَبۡضٗا يَسِيرٗا (٤٦) ) (الفرقـان٤٥-٤٦).

ئەمە دیـاردەی سـێبەرە لـە کاتـی جوڵەیـدا. ئەگـەر مـرۆڤ تەماشـای سـێبەری شـتەکان بـکات دەبینێـت کـە سـێبەرەکان بچـووك یـان گـەورە یـان پـان دەبـن و دەچنـەوە یـەك و جوڵـەی سـێبەر لەگـەڵ جوڵـەی زەوییـە، لـە شـوێنی نزیکـی یـان دووری لەخـۆرەوە. واتـە ڕۆژ چاوساغی جوڵـەی سـێبەرەکانە و خـودای گـەورە ئەیتوانـی سـێبەر ڕابگرێـت بـەڵام نەجوڵانـی سـێبەر بێسـوود دەبـوو بـۆ مـرۆڤ.

ئەویش خۆپاراستنە لـە گـەرمی لەکاتـی بـڵاو بوونـەوەی سـێبەردا و خۆدانـە بـەر تیشـکی خـۆر لـە کاتـی لاچوونـی دا.مرۆڤیـش پێویسـتی بـە هـەردوو شـێوازەکە هەیە.

**دیاردەی دووەم**- دابەشبوونی کات بۆ شەو و ڕۆژ.

خودای گەورە فەرمویەتی: ( وَجَعَلۡنَا ٱلَّيۡلَ لِبَاسٗا (١٠) وَجَعَلۡنَا ٱلنَّهَارَ مَعَاشٗا (١١)) (النبأ ١٠-١١).

کـە خـودای گـەورە کاتـی کـردووە بـە دوو بەشـەوە لەپێنـاو سـوودی مـرۆڤ و بەردەوامـی لـە کارکـردن لـە ڕۆژدا و نوێبوونـەوەی چالاکییەکانـی لەکاتـی شـەودا و حەوانـەوەی لـە ماندوێتـی ڕۆژ.

**دیاردەی سێیەم**- ناردنی (با) وەك پێشەنگی باران بارین.

خـودا فەرمویەتـی: ( وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ ٱلرِّيَٰحَ بُشۡرَۢا بَيۡنَ يَدَيۡ رَحۡمَتِهِۦۚ وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ طَهُورٗا (٤٨) لِّنُحۡـِۧيَ بِهِۦ بَلۡدَةٗ مَّيۡتٗا وَنُسۡقِيَهُۥ مِمَّا خَلَقۡنَآ أَنۡعَٰمٗا وَأَنَاسِيَّ كَثِيرٗا (٤٩)

(الفرقـان٤٨-٤٩).

ئـەم دیاردەیـە (بـاران باریـن) لـە دیـاردە سروشـتیەکانە کـە سـوودی مرۆڤـی تێـدا بەرجەسـتە دەبێـت. کە پاڵاوتـەی ئـاوی دەریـاکان بەهـۆی تیشـکی گەرمـی خـۆرەوە هەڵـم دەکات و لـە شـێوەی پەڵـە هەورێکـدا دەردەکەوێـت و (باکان) دەیانخەنـە ڕێ بـۆ ئـەو شـوێنانەی کـە وشـك و تینـوون و پێویسـتیان بـە بـاران هەیـە. دوای ئـەوە بـاران دەبارێـت و جۆگەڵـە و ڕوبـار و دەریایـان لـێ دروسـت دەبێـت یـان بەشـێکی دەچێتـە ژێـر زەوی و ئـاوی ژێـرزەوی پێـك دێنێـت.

**دیاردەی چوارەم**- ئاو سەرچاوەیە بۆ ژیان.

ئەم دیاردەیە سروشتییە بەڵام پەیوەندی بە زۆربوونی مرۆڤ و ئاژەڵ و کشتوکاڵە.

خـودای میهرەبان دەفەرموێـت:(... وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ) (الانبياء ٣٠).

چونکە خودای گەورە هەموو بوونەوەرەکانی لە ئاو دروست کردووە.

## گفتوگۆ

١- بەڵگە بهێنـەوە لەسـەر توانـا و دەسـەڵاتی خـودای گـەورە بەمەرجێـك لـەو بەڵگانـە نەبێـت کـە لـە کتێبەکەتـدا هاتـووە.

٢- کات کراوە بە دوو بەشەوە ئـ - ................... ، ب - ....................

٣-کەڵك و سوودی هەریەك لەمانە بڵێ :

ئـ- سێبەر.

ب- ڕوناکیی ڕۆژ و تاریکیی شەو.

پ- بـا.

ت- زۆربوونی بونەوەران.

٤- ئایەتێك بنووسە کە لەبەرت کردووە، باس لە (توانا و دەسەڵاتی خودای گەورە دەکات)؟

٥- ئـەم ئایەتـە بـە کورتـی شـی بکـەرەوە (... وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ) (الانبیـاء ٣٠).

# وانەی سێیەم

# چاکەی خودا بەسەر مرۆڤەوە



**چاکە:**

واتا چاکەی بەرامبەر خەڵکانی دیکە، ئەویش لە ڕەحمەتی خودای گەورەیە بۆ بەندەکانی لە کاروباری ئاینەکەیاندا و لە دنیادا. چونکە پێدەری چاکە خودای گەورەیە و مرۆڤ وەرگری ئەو چاکەیەیە.

چاکەی خودای گەورە باوەڕدار و بێ باوەڕیش هاوبەشن تیایدا و وەك چاکەی لەش ساغی و خۆراك و سواری و نیشتەجێبوون. و هەموو ئەو بەخششانە پێویستی ستایشن بۆ خودای گەورە.

چاکەکان هەمەجۆرن هەندێ جار بۆ سەرجەم باوەڕدارانن و هەندێ جار تایبەت بە هەندێکیانن، **لەم خاڵانەی خوارەوە روونیان دەکەینەوە:**

**ئـ - چاكەی خودای گەورە بەسەر پێغەمبەران بە پێغەمبەرایەتی:**

كاتێـك خـودای گـەورە مرۆڤێـك دەستنیشـان دەكات بۆئـەوەی ببێتـە پێغەمبـەر بـەم هەڵبژاردنـەی ئـەم مرۆڤـەی پـاك كـردوە و پلـە و پایـەی پێغەمبـەری پـێ بەخشـیوە. و ئـەم پلەیـە چاكەكـەی زۆر گەورەیـە بـۆ ئـەم نێـردراوە بـە تایبەتـی، وەك ئـەم چاكەیـەی كـە بەسـەر پێغەمبـەری ئیسـلام محمـد(د.خ) بـەم ئایەتـە: (... وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمۡ تَكُن تَعۡلَمُۚ وَكَانَ فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكَ عَظِيمٗا ) (النساء١١٣).

**ب - بەخشـینی ئـەو زانسـت و زانیاریـەی كـە بـە پیـاوە چاكـەی دابـوو** خـودای گـەورە دەفەرمـوێـت: (...وَعَلَّمۡنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلۡمٗا ) **لـە سـورەتی** (الكهف) باسكراوە.

**پ - چاكەی خودای گەورە بە بەخشینی زانیاری پێشوەخت(پێشبینی):**

كاتێـك خـودای گـەورە كەسـێكی خـۆش بوێـت لـە كەسـێتی زیـاد دەكات كاری پێـش وەختـی پـێ دەڵێـت. وەك لەگـەڵ جێنشـین (عومـەری كـوڕی خەتـاب) (ر.خ) كاتێـك لەگـەڵ (سـاریە) قسـەی دەكـرد كـە لـە (نەهاوەنـد) بـوو كـە زۆر لێـی دوور بـوو كاتێـك پێـی گـوت (یـا سـاریة) (الجبـل – الجبـل).

**ت- چاكەی خودای گەورە بەسەر موسڵمانان بە گرتنی ڕێگەی ڕاستی ئیسلام:**

كاتێـك خـودای گـەورە ڕێـی ڕاسـتی نیشـانی موسـڵمانان داوە بـە بوونـە موسـڵمانیان، چاكەیەكـی گـەورەی بەرامبـەر كـردوون چونكـە جیـاوازی زۆر لەنێـوان مرۆڤـی بـاوەڕدار و مرۆڤـی بێبـاوەڕدا هەیـە، خـودای گـەورە دەفەرمـوێـت (...قُل لَّا تَمُنُّواْ عَلَيَّ إِسۡلَٰمَكُمۖ بَلِ ٱللَّهُ يَمُنُّ عَلَيۡكُمۡ أَنۡ هَدَىٰكُمۡ لِلۡإِيمَٰنِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ) (الحجرات١٧).

**ج - چاکەی خودای گەورە بەرامبەر بە باوەڕداران  بە خۆشویستنیان لەلایەن خودای گەورەوە:**

باوەڕداران مژدە پێدراون بە خۆشەویستی خودای گەورە، باوەڕهێنان و کردەوە چاکەکانیان پێویستی ئاوڕدانەوەیەکی جوان هەیە لەلایەن خودای گەورە و بەخۆشەویستی بۆیان. خودای گەورە دەفەرموێت: ( إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَيَجۡعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحۡمَٰنُ وُدّٗا ) (مريم ٩٦). بەم خۆشەویستییە خودای گەورە چاکە بەخشە بەسەر باوەڕداران دا. کە ئەمە وایان لێ دەکات نزیک بن لە پەروەردگارەوە.

**چ - چاکەی خودای گەورە بە دڵ ئارامبوونی بڕواداران:**

باوەڕدار هەست بە دڵنیایی و ئارامی دەکات لە کاتی ڕووداو و کارەساتدا. و زۆر جار دەبینین یان دەبیستین، کە باوەڕداران بە ئارامن لەکاتی مردنی خۆشەویستانیان یان هەر زیانێکی مادیان لێ بکەوێت.

خودای گەورە دەفەرموێت: (... أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ) (الرعد ٢٨).

بەم دڵنیابوونە باوەڕدار خاوەن چاکەیە و ئەم چاکەیە وای لێ دەکات ئارام بێت و جێگیر بێت بەرامبەر  بە ناخۆشییەکان.

**ح - چاکەی خودا بەسەر بڕوادارانەوە بە پاکژی دڵەکانیان:**

باوەڕدار دوورە لە ئیرەیی (الحسد) ناوەڕۆکی پاکە سۆزدارە بۆ ئەو هەموو بەخششانەی کە خودا بەخشیویەتی بە خەڵکی و نزای زیادبوونیان بۆ دەکات لە بەرامبەریان دەڵێت(ماشاء الله) دوای ئەوەی نزای خێر بۆ خاوەنەکانیان دەکات.



# وانەی چوارەم

**خ – چاكەی خودای گەورە لە بڵاوكردنەوەی خۆشەویستی و خزمایەتی لە نێوان خەڵكدا:**

خەڵك پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە بارودۆخی ناهەموار و شەڕانگێزی دەژیان، كە ئیسلام هات و باوەڕیان پێی هێنا. بارودۆخی ژیانیان گۆڕا و بوون بە برا دوای دوژمنایەتی زۆر. خودای گەورە فەرمویەتی: (...وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ كُنتُمۡ أَعۡدَآءٗ فَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِكُمۡ فَأَصۡبَحۡتُم بِنِعۡمَتِهِۦٓ إِخۡوَٰنٗا ...) (أل عمران١٠٣).

كە ئەم خۆشەویستییە ئەبێتە هۆی برایەتی و یەك ڕیزی لەنێوان بڕواداران دا.

**د- چاكەی خودای گەورە بە پاداشتی دەهێندە یان زیاتر لە بری یەك چاكە:**

تەنها ئەو كردەوە چاكەی مرۆڤ دەیكات خودای گەورە بە دەهێندە و زیاتریش پاداشتی دەداتەوە. بەبەڵگەی فەرموودەكەی پێغەمبەر(د.خ) كە دەفەرموێت:(من جاء بالحسنة فله عشر أمثالها أو أزيد).

ئەم فەرمودەیە باس لە دەهێندە زیاتر دەكات و ئەمەش لە قورئانی پیرۆز دا باسكراوە، خودای گەورە دەفەرموێت: ( مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتۡ سَبۡعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنۢبُلَةٖ مِّاْئَةُ حَبَّةٖۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ )(البقرة ٢٦١).

ئەم چاكەیە وای لە بڕواداران كردووە كە كردەوە چاكەكانیان لە زیادبووندا بێت و ببنە براوەی یەكەم.

**ر- چاكەی خودای گەورە بە وەرگرتنی نزای باوەڕداران:**

باوەڕدار مرۆڤە و تووشی گوناه و هۆكاری نارەوا دەبێت، بەهۆكاری كاری لەبیرچونەوە یان گاڵتەكردن، بەڵام دەرگای پەشیمان بونەوە كراوەیە و خودا بە بەزەییە بەرامبەر بەندەكانی و لەبەرامبەر ئەو بەندانەی داوای لێبوردن و پەشیمانبوونەوە دەكەن كاتێك كارێكی خراپ ئەنجام دەدەن دڵخۆشە.

خودای گەورە دەفەرموێت: ( وَإِنِّي لَغَفَّارٞ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا ثُمَّ ٱهۡتَدَىٰ ) (طه٨٢).

ئەم كردنەوەی دەرگای لێخۆشبونە وای كردووە ڕێگای گەڕانەوە بۆلای خودای گەورە ئاسان بێت.

**ڕ- چاکەی خودای گەورە بە ئاسانکاری لە کاروباری ئاینیدا:**

خودای گەورە ڕێگەی دواخستنی ڕۆژو لە مانگی ڕەمەزاندا و کورتکردنەوەی نوێژەکان لە کاتی نەخۆشی و سەفەر چونکە جێبەجێکردنی ئەم کارانە کاتی دیاریکراوی هەیە لە کاتی سەفەر یان نەخۆشی دا کارێکی گرانن. وەك خودای گەورە دەفەرموێت:

(... وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ...) (البقرة ١٨٥).

باوەڕدار بەم شێوە چاکەیە ئاسانکاری بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی فەرمانەکانی خودا جێبەجێ بکات.



## گفتوگۆ

١- ئ- یەك ئایەت باس بکە بەڵگە بێت لەسەر چاکەی ئیسلام بەسەر بڕواداران.

ب- بەڵگەیەك بڵێ لەسەر خۆشەویستیی خودا بۆ بەندەکانی.

پ- بەڵگە بە ئایەتێك بهێنەوە دەربارەی ئاسوودەبوونی دڵی موسڵمانان.

٢- ئ- مەبەست لە چاکەی خودای گەورە بەسەر باوەڕداران ڕون بکەوە:

ب- خودای گەورە لە چیرۆکی حەزرەتی ئەیوب دا(د.خ) دەفەرموێت: ( وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ (٨٣) فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ فَكَشَفْنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرٍّ... (٨٤) (الانبیاء).

لەم ئایەتەدا تێدەگەین کە خودای گەورە چاکەی بەسەر حەزرەتی (ئەیوب) وە هەیە و ئەو چاکەیە چییە ؟

٣- خودای گەورە دەفەرموێت: (... وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا ...) (البقرة٢٦٩).

ئەم چاکەیە چییە کە لەم ئایەتەدا تێی دەگەیت بینووسە؟

٤- ئەم بۆشاییانە پڕ بکەوە بە وشەی گونجاو:

١- ................ موعجیزەیەکە کە خودای گەورە موحەممەدی(د.خ)پێ تایبەتمەند کردووە؟

٢- ................موعجیزەیەکە کە خودای گەورە تایبەتی کردووە بە پێغەمبەر عیسا(د.خ)

٣- ................ (زانینی پێشوەخت) کە خودای گەورە (عومەر کوڕی خەتاب)ی پێ تایبەتمەند کردووە؟

٥- یەکێك لە موعجیزەکان بڵێ کە خودای گەورە تایبەتی کردووە بە پێغەمبەرێك جگە لەوەی لە بابەتی کتێبەکەتدا هەیە.

# وانەی پێنجەم
# چەند پەندێك لە چیرۆکەکانی قورئان
# (هاوڕێیانی ئەشکەوت)



خـودای گـەورە دەفەرموێـت: ( أَمۡ حَسِبۡتَ أَنَّ أَصۡحَٰبَ ٱلۡكَهۡفِ وَٱلرَّقِيمِ كَانُواْ مِنۡ ءَايَٰتِنَا عَجَبًا
(٩) إِذۡ أَوَى ٱلۡفِتۡيَةُ إِلَى ٱلۡكَهۡفِ فَقَالُواْ رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةً وَهَيِّئۡ لَنَا مِنۡ أَمۡرِنَا رَشَدًا
(١٠) فَضَرَبۡنَا عَلَىٰٓ ءَاذَانِهِمۡ فِي ٱلۡكَهۡفِ سِنِينَ عَدَدًا (١١) ثُمَّ بَعَثۡنَٰهُمۡ لِنَعۡلَمَ أَيُّ ٱلۡحِزۡبَيۡنِ أَحۡصَىٰ
لِمَا لَبِثُوٓاْ أَمَدًا (١٢) نَّحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ نَبَأَهُم بِٱلۡحَقِّۚ إِنَّهُمۡ فِتۡيَةٌ ءَامَنُواْ بِرَبِّهِمۡ وَزِدۡنَٰهُمۡ هُدًى
(١٣) وَرَبَطۡنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ إِذۡ قَامُواْ فَقَالُواْ رَبُّنَا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ لَن نَّدۡعُوَاْ مِن دُونِهِۦٓ
إِلَٰهٗاۖ لَّقَدۡ قُلۡنَآ إِذٗا شَطَطًا (١٤) )، (الكهف ٩ – ١٤).

لە کات و ساتێکی نەزانراودا لای ئێمە هەتا ئێستاش کە شارێکی بێباوەڕ هەبوون پادشا و خەڵکەکەی تووشی گومرایی بووبوون. وباوەڕدار بوون بە شتی بێگیان و دەیان پەرستن کە نە سوود و نە زیانی پێ نەدەگەیاندن. بەبێ بەڵگە دەیان پەرستن. و ڕازی نەبوون کەس باسی خودا درۆینەکانیان

بکات و ئەوەی قسەی پێ وتنایە ئازاریان دەدا.
لەو کۆمەڵگە لە ڕێ دەرچووەدا کۆمەڵێك گەنج دەرکەوتن کە دوای ژێریان کەوتن و ڕازی نەبوون بۆ غەیری خودا سەر شۆڕبکەن و ملکەچبن، کۆمەڵە گەنج و لاوێك باوەڕیان هێنا بە یەزدان، جێگیر بوون لەسەر باوەڕەکەیان خودای گەورە ڕێگای ڕاستی نیشان دان.
ئەو کۆمەڵە گەنجە نەنێردراو نە پێغەمبەر بوون و ئەو کارەیان گرتە ئەستۆ کە پێغەمبەران دەیگرنە ئەستۆ، بەڵام خاوەن باوەڕێکی دامەزراو بوون و بەرەنگاری هاوبەش بۆ خودا پەیداکەران بوونەوە و داوای بەڵگەی بوونی شتێکی غەیری خودا بهێننەوە، دوای ئەوە بڕیاریان دا کە خۆیان ڕزگار بکەن بە ڕۆیشتن بۆ شوێنێکی ئارام بۆ ئەوەی خودای گەورە بپەرستن دوور لەچاوی کافران. چونکە شارەکە خراپە و خەڵکەکەشی گومڕابوون.
بۆیە گەنجەکان لەگەڵ سەگەکەیاندا ڕویان کردە ئەشکەوتێکی چۆڵ بۆ ئەوەی لە شوێنێکی ئارام و دوور لە چاوی خەڵك خواپەرستی بکەن.
لێرەدا موعجیزەی خودای گەورە ڕوی دا بە خەوتنی گەنجەکان بۆ ماوەی (سێ سەد و نۆ ساڵ) دوای سێ سەدە خودای گەورە جارێکی دیکە بەخەبەری هێنانەوە، بەڵام ئەوان نەیان دەزانی چەند کاتیان بەسەردا چووە، بەڵام خەوتنی زۆریان پێوە دیار بوو کە پرسیاریان لەیەك دەکرد کە دەبێت چەندیان پێچوبێت، هەندێکیان دەیان گوت لەوانەیە ڕۆژێك یان کەمتر لە ڕۆژێکیان پێ چووبێت.
ئەو پارەیەی پێیان بوو ئامادەیان کرد و داوایان لە یەکێکیان کرد کە بە دزییەوە بگەڕێتەوە بۆ شار و خواردنییان بۆ بکڕێت، و زۆر بەئاگاییەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەربازانی پادشا دوایان نەکەوێت و زاڵمانی خەڵکی شارەکە ئازاریان نەدەن.
پیاوە باوەڕدارەکە بەرەو شارەکە کەوتە ڕێ بەڵام وەك جاران نەمابوو، شوێنەکان گۆڕابوون دەمووچاوەکان وەك خۆ نەمابوون. پارە و شتومەکەکان گۆڕابوون، سەرسام بوو بەوەی چۆن لەشەو و ڕۆژێکدا ئەم شتانە ڕوودەدەن. و خەڵکی شارەکە زوو زانیان کە ئەو پیاوە نەناسراوە پارەیەکی گرانبەهای پێیە.
چونکە خەڵکی ئەو شارە باوەڕیان هێنا بوو، و پاشا زاڵمەکەیان لەکۆڵ بوبووەوە و پیاوچاکێك هاتبووە شوێنەکەی و خەڵکەکە زۆر دڵخۆش بوون بەو کۆمەڵە گەنجە بڕوادارە، چونکە ئەوان لە پێشەنگی باوەڕدارانی شارەکە بوون. شارەکەیان بەجێ هێشتبوو لەپێناو ئاینەکەیاندا و ئێستا هاتونەتەوە و مافی خەڵکەکەیە کە شادبن بە گەڕانەوەیان و چوون بۆ بینینیان و دوای دڵنیا بوون لە موعجیزەکەی خودای گەورە لە زیندووبونەوەی مردووان و دڵنیابوونی خەڵکی شارەکە لە توانای مراندن و زیندوکردنەوە، کە خودای گەورە بیەوێت بەو شێوەیە. خودای گەورە گیانی

ئەو گەنجانەی کێشا، چونکە ئەوە ڕێگای هەموو کەسێکە. دوای مردنیان خەڵکی شارەکە بۆچوونی جیاوازیان هەبوو هەندێکیان ئەیانویست کە خانوو لە شوێنەکەیان بکرێت و تاخمێکی دیکەیان بۆچوونی دروستکردنی مزگەوتیان هەبوو و بۆچوونی دووەم جێبەجێ کرا.

## گفتوگۆ

١- لە چ سورەتێکدا باسی هاوڕێیانی ئەشکەوت کراوە؟ پەند و ئامۆژگاری لەم چیرۆکە لە قورئانی پیرۆزدا چییە؟

٢- ئەو سوودە چییە کە لە هاوڕێیەتی پیاوچاکاندا دەستمان دەکەوێت؟

## چالاکی

ئەم ئایەتانە لە سورەتی (الكهف) لەبەربکە: ﴿أَمۡ حَسِبۡتَ أَنَّ أَصۡحَٰبَ ٱلۡكَهۡفِ وَٱلرَّقِيمِ كَانُواْ
مِنۡ ءَايَٰتِنَا عَجَبًا (٩) إِذۡ أَوَى ٱلۡفِتۡيَةُ إِلَى ٱلۡكَهۡفِ فَقَالُواْ رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةً وَهَيِّئۡ
لَنَا مِنۡ أَمۡرِنَا رَشَدًا (١٠) فَضَرَبۡنَا عَلَىٰٓ ءَاذَانِهِمۡ فِي ٱلۡكَهۡفِ سِنِينَ عَدَدًا (١١) ثُمَّ بَعَثۡنَٰهُمۡ
لِنَعۡلَمَ أَيُّ ٱلۡحِزۡبَيۡنِ أَحۡصَىٰ لِمَا لَبِثُوٓاْ أَمَدًا (١٢) نَّحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ نَبَأَهُم بِٱلۡحَقِّۚ إِنَّهُمۡ فِتۡيَةٌ
ءَامَنُواْ بِرَبِّهِمۡ وَزِدۡنَٰهُمۡ هُدًى (١٣)﴾ (الكهف ٩ - ١٣).

## وانەی شەشەم

## چەند وێنەیەك لە ژیانی پێغەمبەر (د.خ)



### ١- هاتنە خوارەوەی سروش:

پێغەمبەرمان (د.خ) دەچوو بۆ ئەشکەوتی (حەڕا) لە نزیك شاری مەککە و مانگی ڕەمەزان لەو ئەشکەوتەدا دەمایەوە و خودا پەرستیدەکرد و بیری دەکردەوە، هەتا خودای گەورە چەند ئایەتێکی بۆ ناردە خوارەوە کە بوو بە سەرەتا و دەستپێکی سەردەمێکی نوێ لە خوداپەرستی، ئەو ڕۆژە ڕۆژی دووشەممەی شەوی ٢١ی مانگی ڕەمەزان بوو. کە ئەو کات تەمەنی ٤٠ ساڵ بوو پێی گوت: أقرأ.

### ٢- شەو ڕەوکردنی (الاسراء والمعراج):

خودای گەورە ویستی ڕێز لە پێغەمبەری ئیسلام بگرێت بە شەوڕەوکردنی بۆ (الاسراء والمعراج).

(الاسراء ) بە واتای چوونی پێغەمبەر(د.خ) بەشەو لە شاری مەککەوە بۆ (مزگەوتی الاقصی) و

گەڕانـەوەی بەشـەو، بـەڵام (معـراج) بەرزبوونـەوەی پێغەمبـەر(د.خ) لـە (مزگەوتـی الاقصـی)وە بـۆ ئاسمانەکان.خودای گەورە دەفەرموێـت: (سُبۡحَـٰنَ ٱلَّذِیٓ أَسۡـرَىٰ بِعَبۡـدِهِۦ لَیۡـلٗا مِّـنَ ٱلۡمَسۡـجِدِ ٱلۡحَـرَامِ إِلَى ٱلۡمَسۡـجِدِ ٱلۡأَقۡصَـا ٱلَّذِي بَـٰرَكۡنَا حَـوۡلَهُۥ لِنُرِیَـهُۥ مِـنۡ ءَایَـٰتِنَآۚ إِنَّـهُۥ هُـوَ ٱلسَّـمِیعُ ٱلۡبَصِـیرُ ) (الاسراء ١).
ئەم ڕوداوەش لە ٢٧/رجب بەساڵ و نیوێك: پێش كۆچكردن رویدا.

## ٣- پەیمانی (عەقەبەی یەكەم):

كاتێـك وەرزی حەجكـردن هـات لەسـاڵی دوازدەی پێغەمبەرایەتـی دوازدە پیـاو بـوون بـە موسـڵمان لـە خەڵكـی شـاری (یثـرب) و پێغەمبەریـان بینـی (د.خ) لـەلای (عەقەبـە) لە (مینـا) پەیمانیـان لەگەڵدا بەسـت.
و خاڵەكانـی پەیماننامەكـە ئەمانـە بـوون:

ئـ – هاوبەش بۆ خودا پەیدا نەكەن.

ب – زینا نەكەن.

پ – منداڵەكانیان زیندەبەچاڵ نەكەن.

ت – تاوانی گەورە و فتنە نەنێنەوە.

ج – هیچ ڕێگری چاكە نەبن.

دوای بەسـتنی پەیماننامەكـە پێغەمبەرمـان(د.خ) (موصعـەب كـوڕی عومەیـری) نـارد بـۆ مەدینـە هیـچ ماڵێـك نەمـا كـە ڕوناكـی ئیسـلامی تێنەچووبێـت.

## ٤- پەیماننامەی (عەقەبە)ی دووەم:

كاتێـك وەرزی حەجكـردن هـات لـە سـاڵی سیانزەی پێغەمبەرابەتـی لـە دوای ژمارەیەك موسـڵمانی خەڵكی (یثـرب) هاتـن بـۆ مەككە و پەیمانیـان دا بـە پێغەمبـەر(د.خ) كـە كۆببنـەوە لەگەڵیـدا بـە نهێنییەكـی تـەواو دوای بەسـەرچوونی سـێیەكی شـەو هەتـا ژمارەیـان گەیشـتە حەفتـا و سـێ پیـاو لـە نێوانیـان دوو ژن هەبوو.

گرنگترین بنەماكانی پەیماننامەكە لە دوو مەرج دا خۆی دەبینییەوە:

ئـ- تەنها خوداپەرستی و شەریك بۆ خودا پەیدا نەكەین.

ب- پارێزەر بن بۆ پێغەمبەر، وەك چۆن پارێزەر و ڕێگرن لە خراپە بكرێ بەرامبەر كەس و كاریان.

دوای ئـەوە پێغەمبـەر (د.خ) داوای لـێ كـردن كـە دوازدە كەسـی بەتوانـا هەڵبژێـرن بـۆ ئـەوەی بەرپرسـیاریەتی بگرنـە ئەسـتۆ لـە جێبەجێكردنـی پەیماننامەكـە لەنـاو شـارەكەیان.

## ڕاهێنان (١)

**ئـ - ڕستەی ستوونی یەکەم بگەیەنە ڕستەی گونجاو لە ستوونی دووەم:**

| | | |
|---|---|---|
| -١ | لـە پەیمانـنامـەی عەقەبـەی یەکەمـدا موسـڵمانەکان پەیمانیـان لەگـەڵ پێغەمبـەر دوپـات کـردەوە بـەوەی | به ڕێگرتن بەرامبەر ئەو شتانەی دێتەڕێی پێغەمبەر (د.خ) وەك چۆن ڕێگرن بەرامبەر ئەو شتانەی دێنە ڕێی کەس و کاریان |
| -٢ | لە پەیمانـنامـەی عەقەبەی دووەم موسـڵمانان پەیمانیـان بـە پێغەمبەر دا | پێی گوت (إقرأ) |
| -٣ | لـە ئەشـکەوتی (حـەڕا) کاتێـك حەزرەتـی جبریـل هـات بـۆ لای پێغەمبـەر (د.خ) | کە منداڵەکانیان زیندەبەچاڵ نەکەن |

## ڕاهێنان (٢)

**ب - وەڵامی گونجاو لەناو کەوانەکان هەڵبژێرە بۆ ئەم بۆشاییانەی لای خوارەوە:**

١- دوای تەواوبوونـی پەیماننامـەی عەقەبـەی یەکـەم پێغەمبـەرە(د.خ) ...................... نـارد بـۆ فێرکردنی خەڵکی (یثـرب) .

(مصعب کوڕی عمیر ، ئەبوبەکری صدیق)

٢- دوای تەواوبوونی پەیماننامەی عەقەبەی دووەم پێغەمبەر ............... نەقیبی هەڵبژارد.

(دوازدە ، پازدە)

٣- تەمەنی پێغەمبەر (د.خ) کاتێك (سروش)ی بۆ هات ...................... ساڵ بوو.

(چل ، چل و یەك)

# وانەی حەوتەم

# عائیشە دایکی باوەڕداران

# (ڕەزای خودای لەسەر بێت)

## ژیاننامەکەی:

عائیشە کچی ئەوبوبەکری سدیقە (ر.خ) لە ساڵی چوارەمی پێغەمبەرایەتیدا لە دایك بووە لە ماڵێکی پڕ لە باوەڕ و دانایی دا لە دایك و باوکێکی بەخشندە گەورە بوو لەسەر ڕەوشتی بەرز. لەسەرەتای دەستپێکردنی بانگەوازی ئیسلامدا بوو بە موسڵمان. کە هێشتا بەتەمەن منداڵ بوو. و نازناوی (ڕاستگۆیی) لێنرا و ناسرا بە (دایکی باوەڕداران).

## هاوسەرگیری لەگەڵ پێغەمبەر دا (د.خ):

پێغەمبەر (د.خ) هاوسەرگیری کرد لەگەڵ عائیشە دا دوای مردنی خێزانی یەکەمی(خدیجە کچی خویلد). و خۆشەویسترین کەس بوو لەلای پێغەمبەر(د.خ) لەبەر ئەوە بوو لە دوا ڕۆژەکانی پێش مردنی کاتێك زۆر نەخۆش بوو لە ژوورەکەی ئەو دەمایەوە.

عائیشە (٨) ساڵ و (٥) مانگ لەگەڵ پێغەمبەر دا(د.خ) ژیانی بەسەر برد.

## کەسایەتی و زانستی عائیشە (ر.خ):

عائیشە(ر.خ) لە باوکیەوە زۆر شت لە ئاین فێربووبوو پێش چوونە ناو ماڵی پێغەمبەرایەتییەوە هەموو ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی هەبوو.

شارەزایی فراوانی لە کاروباری ئاین و حوکمی شەرعی ئاینی ئیسلامدا هەبوو بەهۆی زیرەکی و بیرتیژیەوە.

هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) کاتێك لە کاروباری ئایندا گومانێکیان هەبوایە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکەی ئەگەڕانەوە بۆ لای عائیشە(ر.خ) و زۆربەی شیکردنەوەی کاروباری ژنان بە تایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی ئەو.

گێڕەوەیەکی راستگۆی فەرموودەکانی پێغەمبەر بوو. چونکە سەدەها فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) گێڕاوەتەوە لە کاروباری ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا. هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی خۆشیەوە هەبوویێت.

و لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(د.خ) ژیانی خۆی لە خزمەتی ئیسلامدا بەسەر بردووە، سەرچاوەیەکی گەورە بووە بۆ راوێژکاری لە کاروباری ئاین دا و لەبارەی شەرع و ژیاندا پرسیاری لێکراوە. و ژیانی بەند بووە بە دڵسۆزی بۆ خودای گەورە.

## پلە و پایەی لای موسڵمانان:

عائیشە(ر.خ) پلە و پایەیەکی بەرز و بەنرخی هەبووە لای موسڵمانان لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- لەبەرئەوەی ژنی گەورەی نێردراوان موحەمەد(د.خ) بووە و دایکی باوەڕداران بووە و ڕاستگۆی کچی ڕاستگۆ بووە.

٢- پێغەمبەر (د.خ) وەسیەتی کردووە بە ڕێزگرتنی و هەروەها بە کەس و کارەکەشی هەموویان.

٣- پلە و پایەکی زانستی هەبووە چونکە ئەو زانا و شارەزا و گێڕەوەیەکی گەورە بووە بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ).

٤- ژیانی پڕ بووە لە کار کردن و تێکۆشان لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و چەسپاندنی دادوەری و یەکسانی.

٥- باشترین و گەورەترین پێشەنگی هەموو موسڵمانان بووە، لەبەرئەوەی کەسایەتییەکی دەگمەنە لە مێژووی ئیسلامدا.

# وانەی هەشتەم

## بەرپرسیارێتی لەئیسلامدا



پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی (**كلكم راعٍ وكلكم مسؤول عن رعيته، فالامام راعٍ وهو مسؤول عن رعيته، والرجل راعٍ على أهل بيته وهو مسؤول عن رعيته، والمرأة راعية في بيت زوجها وهي مسؤولة عن رعيتها، والرجل راعٍ في مال ابيه وهو مسؤول عن رعيته، فكلكم راعٍ وكلكم مسؤول عن رعيته**).

بوخاری گێڕاویەتەوە.

**الراعي**: واتە ئەوەی كاری موسڵمانان بەرێوەدەبات وەك: (فەرمانڕەوا و بەرپرس و مێرد و خاوەنكار... هتد) .

**الرعية**: هەموو ئەو كەسانەی كە ئەكەونە ژێردەست و دەسەڵاتی بەرپرسان لە لێپرسراو و مێرد و... هتد .

**الامام**: بە واتای فەرمانڕەوا و سەرۆك و بەرپرس دێت.

## باسەکە:

١ - بەرپرسیارێتی لە ئیسلامدا سپاردەیە و شەریعەتی ئیسلام بنەمای بەرپرسیارێتی گشتگیری لە کۆمەڵگەی ئسلامیدا بڕیار داوە.

٢ - هەر تاکێك هەڵگری بەرپرسیارێتییە بەپێی ئەو شوێن و دەسەڵاتەی پێی دراوە.

٣ - بەرپرسیارێتی واتا کارکردن لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندی گشتیدا لە کۆمەڵگەیەکی دروستدا کە خۆشەویستی و برایەتی ئەندامەکانی پێکەوە لکاندبێت.

فەرمودەکەی پێغەمبەر(د.خ) کۆمەڵێك لەو بەرپرسیارێتییە تایبەتیانەی باس کردووە کە تایبەتن بەهەر ئەندامێك لەکۆمەڵگەکە (فەرمانڕەوا) و(پیاوان و ژنان) و(کارمەندان) لەخۆدەگرێت کە بە وشەی (راعٍ ــ واتا شوان) ئاماژەی پێ دەدات. کە ئەمانەن:

### ١- چاودێری (سەرۆك) بۆ نەتەوەکەی و بەرپرسیارێتی لێیان:

سەرۆك بەرپرسی یەکەمە لە وڵاتدا و لەسەریەتی یاساکان جێبەجێبکات وپابەندبێت پێیان لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا. وسوربێت لەسەر پاراستنی ئاسایشی وڵات و پاراستن و جێگیربوونی ئاسودەیی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵدا لەسەر ئاستی ناوەوە ودەرەوە.

### ٢- چاودێری کردنی پیاوان بۆ خێزانەکانیان و بەرپرسیارێتی ئەوان:

ئاینی ئیسلام گرینگی داوە بە خێزان، چونکە خێزان بناغەی دروست بوون و یەکبوونی کۆمەڵگەیە. سەرۆکایتی خێزانی بەخشیوە بەپیاو و بەرپرسیتی خستووەتە ئەستۆی لە دابین کردنی پێویستی ژیان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕەوشتی جوان و زانست بەدەستهێنان.

### ٣- چاودێری (ئافرەت) بۆ ماڵی مێردەکەی و بەرپرسیارێتی ئەوان:

ئاینی ئیسلام بەرپرسیارێتی ئافرەتی بە شێوەیەك دیاری کردوە، کە گونجاوە لەگەڵ پێکهاتەی جەستەی و سۆزداریدا و هێنانەدی بەختەوەری خێزانی خستووەتە ئەستۆی بە جێبەجێکردنی کاروباری ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵەکانی وپاراستنی سامانی مێردەکەی و باش خەرج کردنی.

## ٤- چاودێری کردنی کرێکار بۆ کارەکەی:

هەموو کرێکارێك سپێردراوە بۆ ئەو کارەی لەئەستۆی دایە، کە بەباش جێبەجێ بکات و کەمتەرخەم نەبێت لە کارەکەی، بەم شێوەیە دڵسۆز دەبێت.تەنانەت کوڕیش لە ماڵی باوکی.

## ئەنجامی کەم تەرخەمی ونابەرپرسیارێتی لەکارەکاندا:

١- ئەبێتە هۆی لەناوچوونی مافی خەڵك و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی.

٢- لەناوچوونی مافی ژن و مێردایەتی و تێکچوونی خێزان.

٣- بڵاوبوونەوەی گوێ نەدان و خۆپەرستی لەناو کۆمەڵدا.

٤- دەبێتە هۆی گیرۆدەبوونی نیشتمان بە داگیرکاری و دواکەوتن.

## گفتوگۆ

١- تێڕوانینی ئیسلام چییە بۆ بەرپرسیارێتی؟

٢- ئەرکی فەرمانڕەوا یان سەرۆك چییە بەرامبەر بە گەل؟

٣- بەرپرسیارێتی پیاو لە خێزاندا ڕون بکەرەوە؟

٤- بەرپرسیارێتی(ژن- ئافرەت) ڕون بکەرەوە؟

٥- کرێکاری دڵسۆز کێیە؟

٦- خراپییەکانی خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی چین؟بەکەمتەرخەمی تیایدا؟

٧- وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە لەناوکەوانەکاندا بۆ هەریەك لەم بۆشاییانەی لای خوارەوە.

ئ- ...............بەرپرسی یەکەمە لەوڵاتدا. ( وەزیر ، سەرۆك )

ب- ئیسلام بەرپرسیارێتی کاروباری خێزانی سپاردووە بە ............ ( ژن ، پیاو )

پ- ئیسلام بەرپرسیارێتی پەروەردەکردنی منداڵی سپاردوە بە............ ( ژن ، پیاو )

ت- هەموو کرێکارێك................لەسەر ئەو کارەی پێی هەڵدەستێت. ( بەرپرسە ، زۆرلێکراوە )

# وانەی نۆیەم

## دەمارگیری ( زیان و چارەسەر )



پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی: (**لیسَ مِنّا مَنْ دعا إلى عَصَبيّةٍ، وليسَ مِنّا مَنْ قاتلَ على عصبيّةٍ، وليسَ مِنّا مَنْ ماتَ على عصبيّةٍ**) (رواه أبو داود).

واتا: پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی (لە ئێمە نییە ئەو کەسەی بانگەوازی دەمارگیری دەکات، لە ئێمە نییە ئەو کەسەی شەڕ لەسەر دەمارگیری بکات، لە ئێمە نییە ئەو کەسەی لەڕێی دەمارگیری بمرێت).

### دەمارگیری:

وەرگرتنی کارەکان بەتوڕەیی و بەزۆر و ڕەتکردنەوەی بەرامبەرەکەت، ئەگەر لەسەر ڕاستیش بێت.
پێغەمبەرمان(محمد) (د.خ) لەم فەرموودەیەدا بۆمان ڕون دەکاتەوە کە ئیسلام ئاینی سۆز و بەزەیی و یەکسانی و ڕاستییە بۆ هەموو خەڵك، ئامانجی سەرەکی چەسپاندن وهاتنەدی بنەمای مرۆڤایەتیە. لەبەرئەوە ئیسلام تانە لەو کەسانە دەدا کە بانگەوازی دەمارگیری دەکەن. چونکە گۆشەگیری و تاکرەوییە دەبێتە هۆی جیاگیری و شەڕ و ئاژاوە و دەستدرێژی کردن بەرانبەر خەڵکی تر، لەبەرئەوەی مرۆڤەکان هەموو لە یەك باوك و یەك دایکن. وئاینی ئیسلام داوای کراوەیی وخۆشگوزەرانی دەکات.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَـٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَـٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ ...﴾ (الحجرات١٣).

ئەم ئایەتە پیرۆزە باس لە:

١ - یەکبوونی ڕەگەز و پشتی خەڵك لە هەموو دنیادا دەکات.

٢ - داوامان لێ دەکات هەموو جۆرە دەمارگیریی ڕەگەز و نەتەوە و ڕێباز و زمان لەناوبەرین.

٣ - فەرمان بە دانایی و دواکەوتەی ژیری وزمانی شیرین بین لە بانگەواز و گفتوگۆکانماندا.

٤ - داوامان لێ دەکات هەڵسوکەوتمان لەگەڵ غەیری موسڵمانانداندا باش بێت وئازاریان نەدەین، چونکە ئاینی ئیسلام لەسەر ئاشتی و دادوەری و یەکسانی بەندە.

## پێغەمبەر (د.خ) داوامان لێ دەکات:

دەستدرێژی نەکەینە سەر (شوێنکەوتوانی ئاینی تر) یان ستەمیان لێبکەین، چونکە بەردەوام ئاینەکەمان داوای لێبوردەیی ئاینی و هزریمان لێ دەکات، لە ڕێی ڕێزگرتنی هەموو ئاین و ڕێباز و نەتەوەیەك و ڕێگەدان بە زیندوکردنەوەی بۆنەکان و ئازادیی بیروڕا و ئازادیی ڕادەربرین بۆ هەمووان ژیانی برایەتی و ئاشتی ڕێگە پێدراوە لەهەموو کاتێکدا.

## هەڵوێستی ئیسلامی لێبوردە لەخەڵك:

١- ئیسلام ئاینی بەزەیی وبرایەتی وئاشتییە بۆ هەموو خەڵك.

٢- ئاینی ئیسلام تانە لە هەموو دەمارگیریەك دەدات.

٣- ئاینی ئیسلام هانی موسڵمانان دەدات بۆ لێبوردەیی و ڕێزگرتنی هەموو شوێنکەوتوانی ئاین و خێڵ و ڕێبازەکانی تر.

٤- پاراستنی ئازادییە سەرەکیەکانی خەڵکانی تر.

٥- داوامان لێ دەکات ڕێگەی ژیری ودانایی لە گفتوگۆ و لە ناکۆکیەکانماندا بگرینە بەر.

٦- خراپەنەکردن بەرامبەر خەڵکی ناموسڵمان وئازارنەدانیان وهێرش نەکردنە سەریان.

## گفتوگۆ

١- بۆچی ئاینی ئیسلام تانه له دەمارگیری دەدات؟ شێوەكانی دەمارگیری باس بكە؟

٢- هەندێك له هۆكارەكانی بڵاوبوونەوەی دەمارگیری له كۆمەڵگەدا باس بكە.

٣- مانای لێبوردەیی ڕون بكەرەوە.

٤- ئەم بۆشاییانه به وشەی گونجاو پڕبكەرەوە.

أ- ئیسلام ئاینی ................ ، ................ ، ................ هەموو خەڵكە.

ب-ئیسلام تانه لەو مرۆڤانه دەدات كەداوای ................ ، ................ دەكەن.



## وانەی دەیەم

## تورەبوون ( زیان و چارەسەر )



هەڵسوکەوتی مرۆڤ هەندێک جار لە حاڵەتێکی ئاسودەیی و هەندێک جاریش نائاسودەییە و ئەم حاڵەتە ناودەبرێ بە(ژیانی ویژدانی). ئەم حاڵەتە ویژدانیە هەندێک بەهۆی کاریگەری جۆراوجۆر دەبێت بە هۆکاری (تورەبوون).

### پێناسەی تورەبوون:

لای زانا دەروونییەکان (دڵە ڕاوکێیەکی زۆرە توشی تاکەکان دەبێت، لە بنەڕەتەوە دەروونییە و هەڵسوکەوتی ئەو تاکە دەگرێتەوە لە بواری هەستکردن بە کارێک ڕوودەدات) چونکە هەڵچوونە توندەکان، وەک پێکەنین یان گریان یان هەڵچونێکی بەهێز کارتێکردنێکە کە هەندێک جار کۆنترۆڵی تەواوی ئەقڵ وهەست پێکردنی لەدەست دەدات.

### کاریگەریەکانی هەڵچوون:

کاریگەریەکانی هەڵچوون لەسەر (لاشەو ئەقڵ وهەڵسوکەوت) بەگشتی دەکەوێت، لە کاریگەری پەرچەکرداری تورەیی لەسەر لاشەی مرۆڤ:

١- گۆڕانی ڕەنگەکان.

٢- لەرزینی زۆری دەستەکان.

٣- تێکچوونی جوڵە و قسەکردن.

## کاریگەریە ئەقڵیەکانی تورەیی:

١ - کاریگەری تورەبونی زۆر پێچەوانەی بیرکردنەوەی ڕاست و هەڵسوکەوتی چالاکە.

٢ - ژیرترین مرۆڤ ئەوانەن کە تورەییان کەمە. چونکە تورەبونی زۆر و لە ڕادەبەدەر مرۆڤ لە بیرکردنەوەی ڕاست لائەدات و مرۆڤ هیچ تێروانینێکی ڕاستی نامینێت.

## چارەسەری تورەبوون:

ڕێگەی چارەسەرکردنی تورەبوون پشت بەستە بە لایەنی هزری و هەستی مرۆڤەکان بە پشتبەستنی مرۆڤ بەیەکێك لەم کارانە.

١- بیرکردنەوەی مرۆڤ لەو شتانەی کە باس لە پلەوپایەی کپکردنەوەی تورەبوون و ئارامی و ئارەزوکردن بۆ وەرگرتنی پاداشتی زۆر، بەمە تورەبوونەکەی کەم دەبێتەوە، خودا دەفەرموێت:

(...وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ) (أل عمران ١٣٤).

٢- نەفسی خۆی بترسێنێت لە سزای خودا.

٣- خۆی لە ئەنجامی دوژمنایەتی و تۆڵە سەندنەوە ئاگادار بکاتەوە.

٤- لەکاتی تورەبوون دا بیر لەناشیرین بوونی ڕوخساری خۆی بکاتەوە.

٥- بیر لەو هۆکارە بکاتەوە کە دەیگەیەنێت بە ئارەزوی تۆڵە سەندنەوە، بەمەش لەگرنگیەکەی کەم دەکاتەوە.

## گفتوگۆ

١- ئەمانە تەواو بکە:

ئـ- لە کاریگەریە ئەقڵیەکان بۆ هەڵچوون وتورەبوون ئەمانەن ١-........................ ٢-........................

ب- تورەبوونی ئاسایی هاوکارە لە........................

پ - کاریگەری وکاردانەوەی تورەبوون لەجەستەدا دەردەکەوێت لە:

ئـ- ........................، ب- ........................، پ -- ........................ .

٢ -ئەو کارانە چین کە مرۆڤ پشتیان پێ دەبەستێت لە چارەسەرکردنی تورەبووندا؟

ئـ- ........................ ب- ........................

پ - -........................ ت- ........................

ج-........................

٣- ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بڵێ لەبارەی ئەو کەسانەی کەتورەبوونیان کپ دەکەنەوە.

# وانەی یازدەیەم

# دڵسۆزیی لە کارکردندا



پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی: (**إنّ الله عزّ وجلَ يحبُّ إذا عملَ أحدُكم عملاً أنْ يُتقِنَهُ**).تەبەڕانی ریوایەتی کردووە. واتا: خودای گەورە ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە کارێکیان کرد بەکارامەیی و دڵسۆزیی بیکەن.

ئاینی ئیسلام بەرێزەوە دەڕوانێتە کارکردن و هانی موسڵمانانی داوە بۆ کارکردن و گرنگیەکی زۆری پێداوە. چونکە کارکردن بناغەی شارستانی و پێشکەوتنە. خودای گەورە دەستخۆشی لەو کرێکارانە دەکات کە کاردەکەن لەپێناو خۆیان و خێزانەکانیاندا.

پزیشك پێویستە دڵسۆز بێت لە کارەکەیدا بەرامبەر نەخۆشەکانی لە دەست نیشانکردنی نەخۆشی و پێدانی چارەسەر و دیاریکردنی دەرمان.

ئەندازیار پێویستە دڵسۆز بێت لەکاتی سەرپەرشتی کردنی باڵەخانەکاندا لەپێناو ساغ وسەلامەتی هەمواندا و دەرخستنی ڕوکەشێکی بیناسازی جوان.

مامۆستاش پێویستە کارەکانی بەدڵسۆزیی ئەنجام بدات لە پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ و پەروەردەکردنی قوتابییان لەسەر ڕێبازێکی ڕاست.
کرێکاران بە هەموو جۆرە پیشەکان پێویستە کاربکەن بەهەموو توانا و چالاکی و سستی نەکەن لە ئەنجام دانی کارەکانیاندا. هەروەها بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵ هەرکەس بەپێی کارەکەی.

### مەرجەکانی دڵسۆزی لەکارکردندا:

١- پابەندبوون بە کاتی دیاریکردنی دەوام و نەچوونە دەرەوە.
٢- تەواوکردنی هەرکارێك کە پێت سپێردرا بەپێی پێوەرە داواکراوەکان.
٣- ووردبینی لە کارەکاندا و هەستکردن بەبەرسیارێتی و پشت گوێ نەخستنی کارەکان.
٤- دەستپاکی و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و وەرنەگرتنی بەرتیل یان دەستکەوتنی سوود بە ڕێگەی نادروست.
٥- جێبەجێکردنی بنەمای دادوەری ویەکسانی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵدا.

### گفتوگۆ

١- بۆچونی ئیسلام بەرامبەر کارکردن چییە؟
٢- گرنگترین مەرجەکانی دڵسۆزی لەکارکردندا چین؟
٣- قوتابی چۆن ئەبێت دڵسۆز بێت لەکارەکەیدا؟
٤- هەندێك لەو سەرپێچیانە دەستنیشان بکە، کە هەندێك لە کارمەندانی دەزگاکانی حکومەت پێی هەڵدەستن.

# وانەی دوازدەیەم

## ئیرەیی

**ئیرەیی** نەخۆشییەکی دەروونییە بەزۆری کەمێك لە خەڵك ئەتوانن خۆی لێ ڕزگاربکەن، ئەوانیش باوەڕدارە ڕاستەقینەکانن لەبەرئەوە گوتراوە:(هیچ لاشەیەك بەدەرنییە لە ئیرەیی، پیاوی خراپ ئاشکرای دەکات و پیاوی چاك دەیشارێتەوە).

### ئیرەیی دووجۆرە:

١- ئیرەیی ڕاستەقینە(نەفرەت لێکراوە): ئەوەیە کە مرۆڤ حەز بکات ئەوەی هاوڕێیەکەی هەیەتی لەناوچێت.

٢- ئیرەیی (بەچاکە): ئەوەیە کە مرۆڤێك حەز بکات ئەوەی هاوڕێیەکەی هەیەتی ئەویش هەیبێت بەبێ ئەوەی حەز بە لەناوچونی ئەوی تر بکات.

ئ - ئەگەر بۆ سامانێکی دنیایی بێت دروست نییە.

ب- ئەگەر بۆ خوداپەرستی بێت دروستە.

وەك لە فەرمودەیەکی پێغەمبەر(د.خ) هاتووە: (**لاحسد الا فی اثنتین رجل آتاه الله مالاً فسلطه علی هلکته فی الحق، ورجل آتاه الله الحکمة فهو یقضي بها ویعلمها**).

واتا: ئیرەیی تەنها لە دوو شتدا ڕێگەی پێدراوە، **یەکەم**: پیاوێك خودا سامانێکی پێداوە لەڕێی چاکەدا خەرجی بکات. **دووەم**: پیاوێك خودا زانستێکی داوەتێ خەڵکی فێربکات.

پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (**إیاکم والحسد فإن الحسد یأکل الحسنات کما تأکل النار الحطب**).

واتا: بەهیچ شێوەیەك ئیرەیی مەبەن، چونکە چاکەکانتان لەناو دەبات چۆن ئاگر دار لەناو دەبات.

### دەرمانی لەناوبردنی ئیرەیی لە خودی خۆیدا:

١- کورت دەکرێتەوە لە(زانست وباوەڕدا). چونکە ئیرەیی زیانی هەیە بۆ خودی کەسەکە لەم دنیا و لەو دنیاشدا، ئەگەر هاتوو زانست و باوەڕی هەبوو بە ڕاستی پەیمانەکانی خودا ئەوا واز لە ئیرەیی ئە هێنێت.

٢- پشت بەستن بە خودای گەورە و گوتنی:(**حسبنا اللهُ ونعم الوکیل**) لەبەرئەوەی خودای گەورە

فەرمویەتی (... وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ...) (الطلاق٣).

٣- خواپەرستی خودای گەورە:(چونکە ئارام گرتن و خواپەرستی مرۆڤ دووردەخەنەوە لە فێڵی فێڵبازان و مەکری مەکرکەران وەك پێغەمبەر (د.خ): بە(عبدالله کوری عەباس)ی فەرموە:(**احفظ الله يحفظك احفظ الله تجده تجاهك**).

٤- پەنابردن بەخودا لەشەڕی ئیرەبەران و ئەویش بە خوێندنەوەی دوو سورەتی( قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ......) و ( قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ........). چونکە چاکترین پەنا بۆ مرۆڤ پەنابردنە بۆ خودا. بۆ بەرەنگاربونەوەی هەموو کارەساتێك.

٥- باس نەکردنی بەخششەکانی خودای گەورە لای ئیرەبەران وەك لە(أبو قتادە) دەیگێڕێتەوە کەپێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی: (خەوی خۆش لە خوداوەیە کەسێك خەوێکی خۆش ببینێت لای خۆشەویستانی نەبێت نەیگێڕێتەوە).

## کاریگەرە خراپەکانی ئیرەیی:

١- ئیرەیی ئەبێتە هۆی کاردانەوەی دەرونی و جەستەیی.
٢- باری (تەندروستی) تێك دەچێت و نەخۆش دەکەوێت.
٣- ئیرەیی هۆکارێکە بۆ توشبوون بە نەخۆشی (برینی گەدە) وبەرزبوونەوەی (فشاری خوێن).
٤- ئیرەیی ئەبێتە هۆی (هەست بەتەنهایی کردن) و تێکچونی باری مێشك.

## گفتوگۆ

١- ئیرەیی دووجۆرە: **یەکەم** ................................
**دووەم** ................................
بەکورتی باسیان بکە.
٢- بەکورتی باسی چارەسەرکردنی ئیرەیی بکە.
٣- فەرمودەیەکی پێغەمبەر(د.خ) بنووسە دەربارەی ڕێگرتن لە ئیرەیی.

# وانەی سێزدەیەم

## حەرامکردنی مادده هۆشبەرەکان



کێشـەی مـاددە هۆشـبەرەکان ترسـناکترین کێشـەی تەندروسـتی و کۆمەڵایەتـی و دەروونییـە، کـە بـەرەوڕوی جیهـان دەبێتـەوە.

(حەشـیش و تلیـاك و هیرۆییـن) ڕوەكـی سروشـتین و بەرهـەم هێنراوەكانیـش كـە دەبنـە هـۆی ژەهراویبوونـی مێشـك. بـە مـاددە هۆشـبەرەکان دەناسـرێن، ئاینـی ئیسـلام بـێ سـڵەمینەوە و حەرامیکـردوون، چونکـە دەچێتـە خانـەی خواردنـەوە کحولییـەکان. بۆیـەش حەرامکـراون، چونکـە (مسـکر – سەرخۆشـکەرن) (مفتـر – بـێ هۆشـکەرن).

پێغەمبەر (د.خ) داوای لێ کردووین لەم ماددانە دووربکەوینەوە کە زیان بە لاشەی مرۆڤ دەگەیەنن ، جا لـەڕێ خواردنـەوە بێـت یـان بۆنکـردن یـان دەرزی لێـدان بێـت. (حەرامـە) وەك خـودای گـەورە دەفەرموێـت: ( وَأَنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ ) (البقـرة ١٩٥).

چونکە ئەو کەسەی کە ژەهر دەخوات یان زیان بە لاشەی خۆی دەگەیەنێت گومانی تێدا نییە کە خۆی دەخاتە مەترسییەوە چونکە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) گشتگیر و سەرتاسەرین. یاساکانی گشتییە و ئەوەی بچێتە خانەی ئەو گشتییەوە ئەگەر بەناویش نەهاتبێت ئەو یاسایە دەیگرێتەوە. بۆیە زاناکان کۆکن لەسەر حەرامکردنی حەشیش و هاوشێوەکانی هەرچەندە بەناو نەهاتووە بە تایبەتی، لەبەرئەوەی زیان بەخشە بە خودی مرۆڤ و تەندروستی گشتییەوە.

سەرجەم حکومەتەکان شەڕی مادده هۆشبەرەکان دەکەن و سزای زۆر توندیان داناوە بۆ ئەو کەسانەی کە بەکاری دەهێنن یان پروپاگەندەی بۆ دەکەن یان بازرگانی پێوەدەگەن. چونکە ئەوانە بازرگانی بە گیانی نەتەوەوە دەکەن. خودای میهرەبان دەفەرموێت: ( إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ) (المائدة ٣٣).

هەموو زاناکانیش بە هەموو ڕەوتەکانیانەوە کۆکن لەسەر حەرامکردنی ماددەی هۆشبەر چونکە زیان بەخشە بە ئاین و ئەقل و سروشتی مرۆڤ.

ئەوەی کە مرۆڤ دووردەخاتەوە لەم کارانە تەنها باوەڕهێنانە بە خودا، کە گەورەترین ڕێگرە لە ئەنجامدانی هەموو چەوتییەکان و ئەوەی خۆی پڕچەك بکات بە باوەڕ ئەوە پارێزراوە لە زیانەکانی.

## گفتوگۆ

١- هۆکاری توشبوون بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر چییە؟

٢- زیانی ماددەی هۆشبەر چییە؟ هەندێکیان بلّێ؟

٣- گەورەترین ڕێگر بۆ دوورکەوتنەوە لە مادەی هۆشبەر چییە؟

٤- چۆن دەوڵەتان دژایەتی مادە هۆشبەرەکان دەکەن؟

٥- ئایەتێکی قورئان بلّێ کە باس لە حەرامکردنی مادەی هۆشبەر دەکات؟

# وەرزی دووەم

# وانەی چواردەیەم

# پەندەکانی چیرۆکەکانی قورئان

## چیرۆکی یونس (سڵاوی خودای لێ بێت)



خودا دەفەرموێت: ( وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡهِ فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ (٨٧) فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ (٨٨)) (الانبیاء٨٧-٨٨). لەم ئایەتانەدا قورئان چیرۆکێك لە چیرۆکەکانی پێغەمبەر و نێردراوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە کاتێك بانگەوازی گەلەکەی دەکرد بۆ باوەڕهێنان بە خودا و دروستکەریان.

ئەم چیرۆکە پەندو ئامۆژگاری تێدایە کە دەبێت باوەڕداران سودی لێ وەربگرن. ئەویش چیرۆکی پێغەمبەر(یونس)ە (سڵاوی خودای لێ بێت).

(یونس کوری متی) پێغەمبەرێکی بەخشندە بووە خودای گەورە ناردی بۆ نەتەوەکەی بۆ ئەوەی ئامۆژگاریان بکات و ڕێگەی ڕاستیان نیشان بدات و ڕۆژی دواییان بیربخاتەوە و لەچوونە ناوئاگر بیانترسێنێت و بەهەشتیان لەدڵدا خۆشەویست بکات و فەرمانی چاکەیان پێ بکات و بانگەوازیان بکات بۆ خوداپەرستی.

بەردەوام(ذو النون)- (یونس) سڵاوی خودای لێ بێت، ئامۆژگاری قەومەکەی دەکرد بەڵام

کەسیان باوەڕیان پێ نەهێنا و ڕۆژێك داهات کە زۆر بێزاربوو لە گەلەکەی و زۆر تووڕەبوو، بڕیاری دا بەجێیان بهێڵێت و دوای (سێ ڕۆژ) خودای گەورە سزایەکی قورسیان بەسەردا بدات. قورئان باسی شوێنی نیشتەجێبوونی یونس ناکات، بەلام لە چیرۆکەکەوە دەردەکەوێت کە لە قەراغ دەریابووە. شیکەرەوانی قورئان وای بۆ دەچن کە خودای گەورە حەزرەتی (یونس)ی بۆخەڵکی (نینوی)(موسڵ) ناردبێت لەعیراق.

تووڕەبوونەکەی ڕێی دەریایی پێ گرتەبەر و سواری پاپۆڕێك بوو، بەڵام خودای گەورە هێشتا ڕێگەی نەدابوو کە(یونس) گەلەکەی بەجێبهێڵێت، یان نائومێد بێت لێیان و کاتێك خەڵکی دێیەکەی دڵنیابوون لەوەی کە(یونس) بەجێی هێشتوون و سزای خودای گەورە بەڕێوەیە، پەشیمان بونەوەو و گەڕانەوە بۆ ڕێگەی ڕاست وتۆبەیان کرد لەخراپەکانیان و داوای لێ خۆشبوونیان کرد وپاڕانەوە لە خودا، ژن و پیاو و کوڕ و کچ و دایکان گریان و فرمێسکی پەشیمانیان ڕشت و ژمارەیان نزیکەی سەد هەزار دەبوو و هەمویان باوەڕیان هێنا و خودای گەورە سزاکەی لەسەر لابردن.

لەبەرئەوەی (یونس) وازی لە بانگەوازی خودای گەورە هێنا و ڕاسپاردەکەی جێبەجێ نەکردبوو، خودای گەورە نەهەنگەکەی ئامادەکردووە کە(یونس) قوت بدات بەڵام بیپارێزێت و نە برینداری بکات و نە ئێسکەکانی تێك بشکێنێت.

### یونس لەسکی نەهەنگەکەدا:

کاتێك یونس لەسکی نەهەنگەکەدا هەستی بەدڵتەنگی کرد، کە تاریکی ناوسکی نەهەنگەکە و تاریکی دەریا و تاریکی شەو دایگرت، داوای لێخۆشبوونی لەخودا کرد و نزای ( لَّآ إِلَـٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَـٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ )(الانبیاء٨٧)، ی خوێند و خودای گەورە نزاکەی لێ وەرگرت ونەهەنگەکە(یونس) ی فڕێدایە دەرەوە. ( فَلَوۡلَآ أَنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلۡمُسَبِّحِينَ (١٤٣) لَلَبِثَ فِي بَطۡنِهِۦٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ (١٤٤)). (الصافات)،

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خودای گەورە دروستکەری هەموو شتەکانە و هەموو کارەکانی بەدەستە، وەك چۆن(یونس)ی خستە سکی نەهەنگەکەوە دوای ئەوە ڕزگاری کرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناو نەتەوەکەی بۆ ئەوەی فەرمانی خودای گەورە بەجێبهێنێت.

### گفتوگۆ

١ – بۆچی خودا (یونس)ی توشی ئەو ڕوداوە کرد؟

٢ – بۆچی خودا سزای گەلەکەی نەدا؟

٣ – هۆی چی بوو خودا لە (یونس) خۆش بوو و لە نەهەنگەکە ڕزگاری کرد؟



# وانەی پازدەیەم

# هاوەڵان و پلە و پایەیان لای موسڵمانان

## هاوەڵان:

ئەو کەسانەن کە هاورێیەتیی پێغەمبەریان(د.خ) کردووە یان پێغەمبەریان(د.خ) لە ژیاندا بینیوە و باوەڕیان پێهێناوە و ئەوانیش ژمارەیان زۆرە و ژیانیان پڕە لەڕووداوی مەزن، کە مەودای بەهێزی باوەڕیان نیشاندەدات ئەوانەی کە خزمەتیان بە ئاینی ئیسلام گەیاندووە بە زانست و بە کردەوە و بە ڕەوشتی بەرزیان و هەموو شتێکی بەنرخیان بەخشیوە لەپێناو بەرز ڕاگرتنی وشەیی(لاإله الا الله).

لەهاوەڵە ناسراوەکانی پێغەمبەر (د.خ) (١٠ مژدە پێدراوەکەی بەهەشت) کە ئەوانەش چوار جێنشینەکەی پێغەمبەر (د.خ)(أبوبکری صدیق)(عومەری کوڕی خەتاب)(عوسمانی کوڕی عەفان)و(علی کوڕی أبو تالب)(ڕەزای خودایان لێ بێت).

هاوەڵان (أبوعبیدة الجراح) و (تەڵحەی کوڕی عوبێدوڵلا)(زوبێر کوڕی عەوام)و(عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف)و(سەعدی کوڕی ئەبو وەقاس) و (سەعیدی کوڕی زەید)(ر.خ) و هاوەڵان تەنها لە پیاوان نەبوون بەڵکو ژنە هاوەڵانیش هەبوون وەك (ژنانی پێغەمبەر (د.خ)وکچەکانی و هەڵبژاردەی دیکە لە ژنانی(کۆچکردوان و پشتیوانان)ئەوانەی بەشداربوون لە بانگەوازکردن و بڵاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

## گفتوگۆ

١- هاوەڵان کێن و ژیانیان چۆن بووە؟

٢- ناوی هەندێك لە هاوەڵانی ژن و پیاو ئەوانەی ئەیانناسیت بنووسە؟

٣- گرنگترین ئەو شتانە چین کە هاوەڵان پێی ناسراون و شیاوی پێشەنگین بۆ موسڵمانان؟

# وانەی شازدەیەم

# دەستەبەری کۆمەڵایەتی




## کورتەیەك دەربارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی:

مەبەست لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بەشدارن لە پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتیەکان و بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی و زیان گەیاندنی مادی و مەعنەوی، بەجۆرێك کە هەموو ئەندامێك لەپاڵ ئەو مافانەی کە هەیەتی ئەرکی زۆری لەسەر شانە بەرامبەر ئەوکەسانەی کە ناتوانن پێویستیەکانیان جێبەجێبکەن. بە گەیاندنی ئەو پێداویستیانە بۆیان و دورخستنەوەی خراپە لێیان و پارێزگاری کردنیان.

## دەستەبەری کۆمەڵایەتی سودێکی مادییە یان چی؟

دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەند نییە لەسەر سوودی مادی، هەرچەندە بوونی مادە لە بنەما سەرەکیەکانییەتی، بەڵام ئەوە تێدەپەڕێنێت ومەبەست لێی هەموو پێویستییە کۆمەڵی و تاکییەکانە لە سوودی مادی و مەعنەوی و کۆمەڵایەتی ڕوناکبیری، بەمە هەموو مافە سەرەکیەکانی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت تاك یان کۆمەڵ بن.

دەستەبەری ئەم واتایانە دەگرێتە خۆ:

چاکەکردن ، بەزەیی، چاکە، بەخشین، برایەتی، هاوکاری...هتد.

## جۆرەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی:

ئەو چین وتوێژانەی دەستەبەری دەیانگرێتەوە.

١- دەستەبەری ناوخێزان: پەیوەندی خێزان و ڕێکخستنی و دادوەری لەنێوان (پیاو و ژن لە مامەڵەی چاك لەنێوانیاندا و بەڕێوەبردن و پارێزگاریکردن لە منداڵان لە چاودێری و پەوەردەکردنیان).

٢- دەستەبەری تەمەن گەورە و پیر و تەڵاقدراو و بێوەژناندا.

٣- هاوکاری بێباوکان.

٤- دەستەبەری هەژار و کەم دەرامەتەکان.

٥- دەستەبەری مافی دراوسێیەتی.

٦- ڕێزگرتن لە خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان.

## ئامرازەکانی ئیسلام لە جێبەجێکردنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی:

بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە هاوسەنگی پەیوەستە بەپەروەردەی ویژدان و کاریگەری هەستکردنە بە بەرپرسیارێتی ناخی مرۆڤ و ئەو ئامرازانە بەندن لەسەر دوو هۆکار بۆئەوەی دەستەبەرییەکەی بێتەدی.

١- بەرپرسیارەتی کۆمەڵگە: دەوڵەت بەتەنها و بەبێ یارمەتی ئەندامانی کۆمەڵگە ناتوانێت دادوەری کۆمەڵایەتی یان بەخشین یارمەتیدانی خەڵك پیادەبکات.

٢- بەرپرسیارێتی تاك:

**یەکەم ــ ئامرازی تاکی تەوزمی:**

ئـ- زەکات.

ب- کەفارەت: ئەوەی کە موسڵمان دەیدات بە خێر بەرانبەر گوناهێك کە کردوویەتی بە مەبەستی لێخۆشبون.

پ- سەرفترە(صدقة الفطر): پێویستە لەسەر هەموو پیاوێك و ئەوەی کە بژێوی ژیانی ئەکەوێتە ئەستۆ وەك ژن و منداڵ و دایك و باوك و خزمەتکار.

ت- فریاکەوتنی نەدار: ئەویش بە پێدانی پارە یان هەر هاوکاریەکی تر لە خواردن و جل و بەرگ بۆ خزم یان دراوسێ یان هەر کەسێکی تر کە پێویستی بە یارمەتی بێت.

ج- نەزر (النذور): ئەوەی کەموسڵمان بڕیاری ئەدات بیکات بە خێر.

### دووەم ـ ئامرازی بەخشینی خۆبەخش:

ئـ- (وەقف – الوقف): ئەوەی کە پارەیەك یان موڵکێك ئەخاتە وەقفەوە بۆئەوەی سودەکەی لەبەرژەوەندی موسڵمانانیدا بەکاربهێنرێت.

ب- (وەسیەت – الوصیة): کەیەکێکە لە ئامرازەکانی دەستەبەری کە موسڵمانێك وەسیەت بکات پێش مردنی بەبەخشینی نزیکەی سێیەکی سەروەتەکەی بۆ خێر و چاکە.

پ- (بەخشین – الهبة): یەکێکە لە ئامرازەکانی بڵاوبونەوەی خۆشەویستی و چاکەکردن و پتەوکردنی پەیوەندی لەنێو ئەندامانی کۆمەڵدا.

ت- (دیاری – الهدیة): ئەمیش یەکێکە لەو ئامرازانەی دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی خۆشەویستی و پتەوکردنی پەیوەندی خزمایەتی لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگەدا.

## بەرپرسیارێتی دەوڵەت لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا:

بەرپرسیارێتی دەولەت زۆر قورس و ترسناکە لە هێنانەدی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. لەبەرئەوەی دەوڵەت بەرپرسی سەرەکییە لە چینی هەژاران، ئەوانەی هیچ جۆرە دەرامەتێکیان نییە، بەرپرسیارێتی دەوڵەت لەم خاڵانەدایە:

### ١- دابینکردنی سەرچاوەی دەرامەت:

حکومەت ناتوانێت دەستەبەری هەژاران بکات هەتا (خانەیەکی پارە)ی تایبەت نەکرێتەوە و ببێتە سەرچاوەیەك بۆ بەخشینی یارمەتی پێیان، ئەتوانین ئەو سەرچاوانە دەستنیشان بکەین کە دەوڵەت دەتوانێت دابینیان بکات، لەوانە:

ئـ- کۆکردنەوەی زەکات لە پارەی دەوڵەمەندەکان.

ب- سودوەرگرتن لەموڵکی وەقف.

پ- سودوەرگرتن لەدەستەبەری كۆمەڵایەتی.

د- سودوەرگرتن لەپەنابردن بۆ دەوڵەمەندەكان لەكاتی پێویستدا.

**٢-دابەشكردنی پارە بەسەر پێشیاوانیدا:**

پێویستە لەسەر حكومەت هەڵسێت بەدابەشكردنی پارە بەسەر ئەوانەی دەستەبەری كۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە.

**٣- دۆزینەوەی هەلی كار بۆ ئەوانەی توانای كاركردنیان هەیە.**

## گفتوگۆ

١- مەبەست لە دەستەبەری كۆمەلایەتی چییە؟ ڕونی بكەرەوە.

٢- ئەو هۆكارە خۆبەخشانە چین كە دەستەبەری كۆمەڵایەتی دابین دەكەن؟ بیان ژمێرە.

٣-(بەخشین - الهبة) و (دیاری – الهدیة). چی دابین دەكەن؟

٤- مەبەست لە(نەزر) چییە؟



# وانەی حەڤدەیەم

# دەستەبەری هەتیو

## هەتیو:

ئـەو منداڵەیـە کـە باوکـی نامێنێـت پێـش باڵغبوونـی، بـەڵام ئـەوەی دایکـی لـە دەسـت بـدات هەتیـو نییـە، چونکـە باوکـی بەخێـوی دەکات و ئەگـەر منداڵەکـە هەراشـبوو ئـەوا بـە هەتیـو دانانرێـت، چونکـە پێویسـتی بـە کـەس نابێـت چاودێـری بـکات.

## دەستەبەری هەتیو:

ئەویـش هەسـتانە بـە کاروبـاری هەتیـو لـە پەروەدەکـردن و فێرکـردن و ئـەوەی هەتیـو پێویسـتی پێیەتی، و ئـەو کەسـانەی بـەم کارە هەڵدەسـتن خزمـن ئەگـەر نەبـوو، ئـەوە پیاوچـاکان یـان حکومـەت بـەم کارە هەڵدەسـتێت. لـە ڕێگـەی فەرمانگـەی (چاودێـری کۆمەڵایەتـی – الرعایـة الاجتماعیـة) و خـودای گـەورە ئـەم ئەرکـە گرنگـە دوپـات دەکاتـەوە ئەویـش بـە چاودێریکردنـی هەتیـو و نەچەوسـێنرێتەوە و ئـازاری دەروونـی و جەسـتەیی نەدرێـت. بەڵکـو پێویسـتە بـە چاکـە مامەڵەکردنـی و بەوگرنگییـەی کـە خـودای گـەورە بـە هەتیـوی داوە وەك دەفەرموێـت: ( وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ ...) (الانعام ١٥٢).

## پێویستیەکانی سەرشانی دەستەبەری هەتیو:

١- چاکەکردن بەرامبەری و نزیك بونەوە و دەربڕینی خۆشەویستی بۆی.

٢- پاراستنی سەروەت و سامانی هەتیوەکە.

٣- گرنگیدان بە پۆشاك و خواردن و چاودێریکردنی زانستی و تەندروستی هەتیوەکە.

٤- ڕێنماییکردنی بەوەی کە هاوڕێیەتی لەگەڵ خەڵکانی خراپدا نەکات.

هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر هەتیو لەم چەند خاڵە دا کورت دەکەینەوە:

١- پێویستە مامەڵەیەکی چاك لەگەڵ هەتیودا بکەین. وەك پێغەمبەر (د.خ) کە دەستی بەزەیی و سۆزی بەسەر هەتیواندا دەهێنا.

٢- پێغەمبەر (د.خ) پلە و پایەی بەرپرسی هەتیو لای خودای گەورە ڕوون دەکاتەوە، کە دەفەرموێت: (**انا وكافل اليتيم فى الجنة كهاتين واشار باصبعيه السبابة والوسطى**) رواه البخاري. واتا: من و ئەو کەسەی دەستەبەری هەتیو دەکات، وەك ئەمەین، هەردوو پەنجەی پێکەوە نا. واتا لە یەك ئاستداین.

٣- ڕێگرتن لە خواردنی پارەی هەتیو و دەستکاریکردن و خەرجکردنی دور لە بەرژەوەندی هەتیوەکە.

خودا دەفەرموێت: ( وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ...) (الانعام١٥٢).

باشترین بەڵگە ئەوەیە کە پێغەمبەر (د.خ) خۆی هەتیو بووە و خودای گەورە لای مامی جێی بۆ کردۆتەوە و نەزان بووە لە زانینی کاروباری ئاین خودای گەورە فێری کردووە، هەژار بووە خودای گەورە بە بەرنامەی ئیسلام دەوڵەمەندی کردووە، کە بۆ هەموو نەوەی ئادەم لە سەر زەوی ناردووە. وەك لە سورەتی (زوحا) هاتووە.

## گفتوگۆ

١- چی پێویستە لەسەرمان بەرامبەر کەسێك داوای یارمەتیمان لێ بکات؟

٢- هەتیو کێیە؟

٣- ئەو کەسەی بەرپرسێتی هەتیو ئەگرێتە خۆ کێیە؟

٤- پێویستیەکانی بەرپرسی هەتیو باس بکە؟

٥- هۆی هاتنە خوارەوەی سورەتی (زوحا) چییە؟

٦- فەرمودەیەك لە بارەی گرنگی بەرپرسیاریەتی هەتیو بنووسە؟

## وانەی هەژدەیەم

# ڕێگرتن لە بەفیرۆدان و زیادەڕۆیی



### بەفیرۆدان و زیادەڕۆیی:

ئەوەیە کە پارەی زۆر سەرف بکەین یان لە ڕادەی ئاسایی خۆی لە خواردن و پۆشاك و نیشتەجێبوون و لە خۆشیەکانی ژیان.

خودای گەورە فەرمانی ئەوەمان پێ دەکات کە زیادەڕۆیی نەکەین کە دەفەرموێت:(... وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ ) (الاعراف ٣١).

چونکە سامان ڕاسپاردەیە پێویستە بەباشی و بەشێوەیەکی تەندروست مامەڵەی پێ بکەین و بەخراپی بەکاری نەهێنین لەبەرئەوەی یەکێکە لە بەخششەکانی خودای گەورە و موسلمان بەرپرسیارە لای خودای گەورە بەرامبەر بەکارهێنانی سەروەتەکەی وەك دەفەرموێت: ( وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا ) (الاسراء ٢٩).

خودای گەورە لەم ئایاتەدا بنەمایەکی داناوە، ئەویش ئەوەیە کە چاکترین کار ناوەندێتییە نە مەسرەفی زۆر و نە بەڕەزیلی کردن و دەستگرتنەوە بەڵکو لە ناوەندی هەردووکیان.

## بوارەکانی بەفیرۆدان و زیادەڕۆیی:

بەفیرۆدان لە هەموو بوارەکانی ژیان هەیە، بەڵام دیارترینیان ئەمانەن:

١- زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئاو و کردنەوەی بەلوعەیماڵان بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ هۆ.

٢- زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی کارەبا و نەکوژاندنەوەی ڕوناکی و ئامێرە نا پێویستەکان.

٣- زیادەڕۆیی لە بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکاندا، وەك ئاهەنگی ژنهێنان و لە دایکبوون و پرسە و داوەتی خواردنی گەورە، بەبێ زیادەڕۆیی لە خواردن و خواردنەوەدا.

## زیان و ئەنجامەکانی بەفیرۆدان:

١- سەرفکردنی پارە لەشتی ناپێویستدا.

٢- بەرەنگاری فەرمانی خودا و ملکەچی شەیتانی تێدایە.

٣- جڵەوشلکردن بۆ ئارەزووەکان و دوورکەوتنەوە لە ڕاستی.

٤- دەبێتە هۆی نەریتی خراپ و خۆهەڵکێشان و گوێنەدان.

## گفتوگۆ

١- واتای زیادەڕۆیی چییە؟

٢- خودای گەورە بەچی فەرمانمان پێ دەکات لە خەرجکردنی دەرامەت بۆ پێداویستییەکانمان؟

٣- هەندێك لە بوارەکانی زیادەڕۆیی باس بکە؟

٤- گرنگترین زیانەکانی بەفیرۆدان بڵێ؟

**ئەمانە تەواو بکە:**

١. موسوڵمان بەرپرسیارە بەرامبەر ............ کە ئەبێت چۆن بیکات.


٢. باشترین کارکردن ............کەیەتی.

٣. بەخشینەوە لە کاروباری ............ .

٤. قال تعالی: ( وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ ............ إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ فَتَقْعُدَ ........................ ............).

# وانەی نۆزدەیەم

## حەج و مەرجەكانی



خـودای گـەورە دەفەرموێـت: (وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَجِّ يَأۡتُوكَ رِجَالٗا وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٖ يَأۡتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٖ (٢٧) لِّيَشۡهَدُواْ مَنَٰفِعَ لَهُمۡ وَيَذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡلُومَٰتٍ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم ... (٢٨)) (الحـج).

حەج:

ئەركـی پێنجەمـە لـە ئەركەكانـی ئیسـلام بەپێـی فەرمودەیـی پێغەمبـەر (د.خ): ( **بنـي الإسـلام علـى خمـس شـهادة أن لا إلـه الاالله و أن محمـداً رسـول الله، و إقـام الصـلاة، وإيتـاء الـزكاة، وصـوم رمضـان، وحـج البيـت مـن اسـتطاع إليـه سـبيلا** ). حـەج فـەرزە لەسـەر هـەر موسـوڵمانێك كـە توانـای هەبێـت وەك لـە قورئانـدا هاتـووە، خـوا دەفەرموێـت: ( وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَجِّ .....)(الحـج٢٧). حـەج تەنهـا یـەك جـار لـە تەمـەن دا پێویسـتە.

حـەج لـە ساڵی (٩)ی كۆچیـدا فەرزكرا ، پێویسـتە موسـوڵمان لـە تەمەنیـدا تەنها یـەك جار حـەج بكات. ئەگـەر موسـوڵمانێك جارێـك زیاتـر چـوو بـۆ حـەج ئـەوە بـە سـوننە و خۆبەخـش بـۆی دادەنرێـت.

## مەرجەکانی حەج کردن:

١- ئیسلام بوون: واتای دروست نییە خەڵکی غەیری موسوڵمان حەج بکەن.

٢- ژیری: چونکە حەج لەسەر شێت ئەرك نیە هەتا چاك دەبێتەوە.

٣- هەراشبوون: چونکە حەج لەسەر منداڵ ئەرك نییە.

٤- ئازادی: حەج لەسەر کۆیلە ئەرك نییە بەڵام ئەم مەرجە ئێستا نەماوە.

٥- توانا: بە واتای ئەوەی حەج لەسەر موسوڵمانێك ئەرکە، توانای جەستەیی و دارایی هەبێت.

## پاداشتی حەج:

لە پێغەمبەر (د.خ) فەرمودە گێردراوەتەوە کە باس لە بەرزی و پیرۆزی حەج دەکات و باسی ئەو پاداشتە دەکات کە موسوڵمان بە دەستی دێنێت لە بەجێهێنانی پایەیەك لە پایەکانی ئیسلام کە فەرمویەتی: (**تابعوا بین الحج والعمرة، فإنهما ینفیان الفقر والذنوب کما ینفي الکیر خبث الحدید والذهب والفضة، ولیس للحجة المبرورة ثواب إلا الجنة** ). واتا: بەردەوام بن لەسەر حەج و عومرە، چونکە هەژاری و گوناه ڕەش دەکەنەوە، وەك چۆن ئاگری کورە چڵك و پیسی لەسەر ئاسن و زێڕ و زیو لادەبات.

## جۆرەکانی حەج:

**حەج بە پێی سروشتی جێبەجێکردنی دەکرێت بەسێ جۆرەوە:**

**١- حەجی (چێژ بینین – التمتع):**

ئەوەیە کە حاجی یەکەم جار نیەتی عومرە بهێنێت ئەویش لە (١٠) ڕۆژانی یەکەمی مانگی (ذوالحجة) ئینجا لە (**میقات**) جلی ئیحرام لەبەربکات بڵێ (**لبیك بعمرە**) دوای ئەوە حاجی بچێت بۆ مەککە دوای گەیشتنی کاروباری (**طواف**) و (**سعي**) تەواو بکات و جلی ئیحرام دابکەنێت لە (تقصیر) و دوای ئەوە هەموو شتێکی بۆ هەیە تەنانەت جووتبوون لەگەڵ ژنەکەی، بەم شێوەیە دەمێنێتەوە هەتا ڕۆژی (٨)ی (ذو الحجة) جارێکی دیکە ئیحرامی حەج دەپۆشێت و کاروبارەکانی دیکەی حەجکردن لە وەستان لە عەرەفە و (**طواف**) و (**السعي**) تەواو دەکات بەم شێوەیە حەجی تەواوی بۆ دەنوسرێت.

**٢- حەجی پێکەوە (القران):**

ئەوەیە کە حاجی لەگەڵ لەبەرکردنی پۆشاکی ئیحرام نیەتی حەج و عومرە پێکەوە بهێنیت بڵێ (**لبیك بحج و عمرة**)، ئینجا دەچیتە مەککە و (**طواف**)ی هاتن دەکات و بە پۆشاکی ئیحرامەوە دەمێنێتەوە تا کاتی هاتنی حەج، دوای ئەوە کاروباری وەستان لە عەرەفە و شەیتان ڕەجمکردن (**بەردبارانکردن**) تەواو دەکات و لەسەری نییە جارێکی تر (**طواف**) و (**سعي**)ی عومرە دوبارە بکاتەوە.

**٣- حەجی تەنها (الافراد):**

ئەوەیە کە حاجی نیەتی حەج بهێنێت لە کاتی پۆشینی ئیحرام تەنها بڵێت (**لبیك بحج**) ئینجا دەچێتە مەککە و (**طواف**) دەکات و هەتا کاتی حەج بە ئیحرامەوە دەمێنێتەوە کاروباری حەج جێبەجێ دەکات، کە تەواوبوو پۆشاکی ئیحرام دادەکەنێت کە لە مەککە دەرچوو جارێکی دیکە پۆشاکی ئیحرام دەپۆشێت بە نیازی (**عومرە**) و کاروباری عومرە جێبەجێ دەکات.

# وانەی بیست



## کاتی حەجکردن:

بریتییە لەو ڕۆژە دیاریکراوانەی کە حەجیان تیادا دەکرێت. بەڵام شوێنەکان ئەو شوێنانەن کە پێغەمبەر (د.خ) دیاری کردون بۆ پۆشینی جلی ئیحرام ئەویش بەم شێوەیە:

## ئیحرام:

١ – ئیحرام پۆشین پایەی یەکەمە لە پایەکانی حەج، ئەویش نیەتی چوونە حەج هاوکات بەکارکردنی کارەکانی حەج وەك (تلبیة) واتا گوتنی (**لبيك اللهم لبيك**....)ئەویش یەکێکە لە پێویستیەکانی ئیحرام.

٢ – ئەو کەسەی واز لەم پایەیە بهێنێت لە سەریەتی (ئاژەڵێك بکاتە قوربانی) یان (سێ ڕۆژ بەڕۆژو بێت) یان (شەش موسوڵمان تێر بکات).

٣ – ئەگەر موسوڵمان گەیشتە (**میقات**) دروستە نینۆکەکانی بکات و مووی زیادە لە لەشی بکاتەوە، ئینجا خۆی بشوات و دەست نوێژ بگریت و جلی ئیحرام بپۆشێت کە بریتییە لە جلی ئیحرام پۆشینی سەرشان و لەش بە پۆشاکی سپی پاك، بەڵام ژن هەر بەرگێك بپۆشێت بەئارەزووی خۆی بە مەرجێك لەشی داپۆشێت بە بێ گوێدانە ڕەنگێکی تایبەت. بەڵام خۆی بەدوور دەگرێت لە پۆشینی دەستکێش و پەچە.

٤ – دوای ئەوە دوو ڕکات نوێژی ئیحرام بەستن دەکات و نیەتی حەج کردن دەهێنێت.

٥ – ئەگەر حاجی لە ئیحرام تەواو بوو دەچێت بۆ میقات، کە گەیشتە شاری مەککە دەڵێت (خودایە ئەمە حەرەم و پەنای تۆیە خوێن و گۆشتم لە ئاگر بپارێزە و لە ئازار بەدوورمخە، ڕۆژی زیندوکردنەوەی لە بەندە باشەکانت و پیاوچاك و خەڵکی خوداپەرست هەژمارم بکە ئەی خودای هەموو خەڵك) و کە چووە (مسجد الحرام) دەڵێت: ( **لا إله إلاّ الله و الله أكبر اللهم أنت السلام ومنك السلام تباركتَ ياذا الجلالِ والإكرام، اللهم زد هذا البيت تشريفاً وتعظيماً وتكريماً ومهابةً ورفعةً و براً، وزد من زارَهُ شرفاً وتعظيماً وتكريماً ومهابةً ورفعةً وبراً** ).

## ڕۆژی ئاودێری (يوم التروية):

١ – ڕۆژی (التروية) ڕۆژی (٨)ی مانگی (ذي الحجة)یە، و بەم ناوە ناونراوە چونکە خەڵکەکە ئاوی تەواو دەخۆنەوە لە مەککەوە ئاو لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و دەچن بۆ (منی).

٢ – مانەوە لە (منی) سونەتە ئەرك نییە، ئەگەر حاجی چوو بۆ (عەرەفە) و لە (منی) نەمایەوە لە شەوی (٩)یەمدا زەرەری نییە.

٣ – نوێژی (نیوەڕۆ و عەسر و ئێوارە و خەوتنان) کورت دەکاتەوە(قصر) و کۆیانناکاتەوە، واتا (جمع) ناکات.

٤ – شەو لەوێ دەمێنێتەوە، دوای ئەوە حاجی نوێژی بەیانی دەکات و لە (منی)وە دەچێت بۆ (عەرەفە) بۆ بەسەربردنی (ڕۆژی حەجی گەورە).

## ڕۆژی عەرەفە:

١ – ڕۆژی عەرەفە (٩) مانگی (ذي الحجة) یە، و یەکێکە لە گرنگترین پایەکانی حەج.

٢ – عەرەفە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری مەککە.

٣ – لە ڕۆژی (٩)ی (ذي الحجة)دا حاجیان لە (منی)وە دەکەونە ڕێ بەرەو (عەرەفە) بۆ ڕاوەستان. و ئەو ڕاوەستانە دێتەدی لە وەستان لە هەر بەشێك لە بەشەکانی (عەرەفە) بە پیادە بێت یان بەسواری یان بەڕاکشاوی، و ئەگەر حاجی نەوەستێت لە سنوری عەرەفەدا حەجەکەی بەتاڵ دەبێتەوە.

٤ – ڕاوەستان لە عەرەفە یەکێکە لە گرنگترین پایەکان بەپێی فەرموودەکەی پێغەمبەر (د.خ) کە فەرمویەتی:(الحج عرفة) و کاتی وەستان لە عەرەفە لە نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەوە دەست پێدەکات هەتا بەرەبەیانی ڕۆژی داهاتوو کە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان دەکات، کە تیایدا حاجی نوێژی نیوەڕۆ و عەسر بە (جمع تقديم) دەکات بەیەك بانگ و دوو قامەت کردن.

٥ – دەبێت حاجی ڕۆژی عەرەفە زۆر دوعا و پاڕانەوە بکات و (تلبية) بکات.

٦ – حاجیان تا ڕۆژئاوابوون دەمێننەوە و دوای ڕۆژئاوابوون دەچن بۆ (مزدلفة) بۆ شەو مانەوە لێی و حاجیان نوێژی (ئێوارە و خەوتنان دەکەن)بە (جمع تأخير) بە واتای دواخستنی نوێژی (ئێوارە) تا کاتی (خەوتنان) و دروستە حاجی پاڕانەوەی زۆر ئەنجام بدات، وهەروەها حاجی بەرد کۆدەکاتەوە کە ژمارەی (**٧بەرد**)ە بۆ هەر جارێك (لە دەنکە نۆك گەورەتر و لە جەخت بچوکتر بێت).

٧ – ئەو شەوە حاجی لە (مزدلفة) دەمێنێتەوە و بەرەبەیان دەکەوێتە ڕێ بۆ (منی) بۆ ڕەجمکردنی شەیتانی گەورە (واتە: بەردبارانکردنی شەیتان).

## جەژنی قوربان:

١ - ڕۆژی (دەیەم) لە مانگی (ذي الحجة) یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانە، دوای نوێژی بەیانی حاجیان لە (مزدلفە) دەکەونە ڕێ بۆ (منى) و شەیتان ڕەجمکردن. کاتی ڕەجمکردنەکە لەبەرەبەیانی جەژنی قوربانەوە دەست پێدەکات هەتا بەرەبەیانی ڕۆژی داهاتوو.

٢ - کە حاجی لە ڕەجمکردن دەبێتەوە قوربانیەك سەر دەبڕێت کە بریتییە لە (**حوشتر** یان **مانگا** یان **مەڕ**) و قوربانی واجبە لەسەر هەموو حاجیەکی (متمتع) یان (القارن) و دروستە لە کاتی قوربانیەکەدا بڵێت: (**بسم الله والله أكبر اللهم منك ولك، اللهم تقبل مني**).

٣ - دوای ئەوەی قوربانیەکە دەکات، سەری دەتاشێت یان کورتی دەکاتەوە، و تاشین باشترە لە کورتکردنەوەی چونکە پێغەمبەر (د.خ) سێ جار داوای ڕەحمەتی بۆ ئەوانە کردوە کە سەر دەتاشن تەنها یەکجار داوای ڕەحمەتی بۆ ئەوانە کردووە کە کورتی دەکەنەوە.بەڵام ئافرەت تەنها کورتی دەکەنەوە.

٤ - دوای ڕەجمی شەیتان و قژ کورتکردنەوە بۆ حاجی هەموو شتێك دروستە بیکات، وەك چوونە لای هاوسەری، و بەمە دەوترێت حەڵاڵی یەکەم کە حاجی تیایدا دەتوانێت ئیحرام داکەنێت و خۆی بۆن خۆش بکات و جوانترین جل و بەرگ لەبەر بکات.

لە دوای ئەو کارانەی پێشو حاجی دەچێتەوە بۆ مەککە بۆ ئەوەی (**طواف الأفاضة**) بکات کە ئەویش یەکێکە لە پایەکانی حەج، وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە :( ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ )(الحج٢٩). دوای ئەوە دوو ڕکات نوێژ دەکات لە مەقامی ئیبراهیم و دروستە ئاوی زمزم بخواتەوە و ئینجا حاجی سەفا و مەروە دەکات بە مەرجێك حاجی بە (**تمتع**) حەجی کردبێت چونکە ڕاکردن لە نێوان سەفا و مەروەی بۆ عومرە کردووە، بەڵام ئەم ڕاکردنە بۆ حەجەکەیەتی. دوای ئەوە حاجی ئیحرام دەشکێنێت و دەتوانێت هەموو کارێك ئەنجام بدات کە لێی قەدەغەکرابوو، تەنانەت چوونە لای هاوسەریشی، دوای ئەوە حاجی دەگەڕێتەوە بۆ (**منى**) بۆ مانەوەی ڕۆژانی (**تشریق**).

## ڕۆژانی تەشریق (أيام التشريق):

سێ ڕۆژی یەکەم دوای قوربانیکردن، کە ڕۆژانی (١١، ١٢، ١٣)ی مانگی (ذي الحجة) دەکات. لەم ٣ ڕۆژەدا حاجی سێ ڕەجمی شەیتان دەکات بچوك و ناوەند و گەورە. لە دوای لادانی ڕۆژ لە نیوەڕۆ هەتا ڕۆژئاوابوون و لە هەموو ڕەجمێك دا حاجی (**٧ بەرد**) فڕێ دەدات و لەگەڵ هەموو بەردفڕێدانێکدا (**الله أكبر**) دەکات.

## تەوافی ماڵئاوایی (طواف الوداع):

دوای تەواوبوونی حاجی لە ڕەجمکردن و گەڕانەوەی لە (**منى**) و نیازی جێهێشتنی مەککە و گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆی پێویستە لە سەری (**طواف**)ی ماڵئاوایی بکات ئەویش بە سوڕانەوە بە دەوری کەعبەدا (**٧ جار**) و نوێژکردنی دوو ڕکات لە پشت مەقامی ئیبراهیم بۆ ئەوەی دوا مەنزڵگەیان (**مسجد الحرام**) بێت پێش ماڵئاواییکردن.

## گفتوگۆ

١- مەرجەکانی حەج کامانەن؟

٢- جۆرەکانی حەج بژمێرە و جیاوازیان چییە؟

٣- پایەکانی حەج کامانەن و گرنگترینیان کامەیە؟ بە بەڵگەی فەرمودەیەکی پێغەمبەرەوە باسی بکە؟

٤- ئەو شتانە چین کە لەسەر حاجی قەدەغە دەکرێن دوای پۆشینی بەرگی ئیحرام؟

٥- مەبەست لە ڕۆژانی تشریق چییە و کاتەکەیان چ کاتێکە؟ وحاجی لە ڕۆژانی (**تشریق**)دا چی دەکات؟

## وانەی بیست و یەك

## پیاوانێك خزمەتی ئیسلامیان كردووە

### (سەڵاحەددینی ئەیوبی)



هەموو گەل و نەتەوەكان هاوكارییان كردووە لە بنیاتنانی شارستانێتی ئیسلامیدا، لەو گەلانەش گەلی كوردە، كە مێژووی ئیسلام گەواهی ڕۆڵی كورد لە خزمەتی ئاینی ئیسلام و موسوڵمانان‌دا دەدات، چەندین زانا و بیرمەند و سەركردەی تیا هەڵكەوتووە، كە زۆریان بە ئیسلام و مرۆڤایەتی پێشكەشكردوە و بە دڵسۆزی پارێزگاریان لە پیرۆزیەكانی كردوە و ڕیزی موسوڵمانانیان ڕێكخستوە بەرامبەر بە زوڵم و زۆری داگیركەران و بەزیندویی لەویژدان و ئەقڵی خاوەن ویژدانەكان دا یادیان ماوەتەوە، یەكێك لەو پایە بەرزانە سەڵاحەددینی ئەیوبی بووە.

## ڕەچەڵکی:

ناوی یوسف کوڕی ئەیوب نازناوی (سەڵاحە ددین)ی وەرگرتووە، بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خێزانێکی بەڕێز و گەورە لە هۆزی (هزبان – هۆزەبان)ی گەورە و ناسراوە لە کوردستان و ئەو خێزانە بەڕێزە کۆچیان کردووە بۆ وڵاتی شام و عێراق، لە دیمەشق و بەغدا و تکریت نیشتەجێبوون، کە سەڵاحەددین تیایدا لە دایکبووە لە ساڵی (٥٣٢ ك) و ئەو کاتە باوکی فەرمانڕەوای ئەوێ بووە.

چونەتە ژێر سایەی ئاینی ئیسلامەوە بەهۆی باوەڕیان بە دادوەری و بەرزی و پیرۆزی ئاینەکەوە و بە توانای تەواوەوە بەشداری و خزمەتی ئیسلامیان کردووە وبوونەتە هۆی چەسپاندنی پایەکانی یەکێتی و یەکگرتوی ئاینی ئیسلام و پارێزگاری کردنی.

## گەورە بوونی:

پەروەردەیەکی چاکی وەرگرتووە و گەورە بووەو، زانستی قورئان و فەرمووده و شەریعەتی ئیسلامی لەسەر دەستی کەڵە زاناکان تەواو کردووە و فێری بەکارهێنانی چەك و سوارچاکی بووە و بووە بە یەکێك لە کەم وێنەکان لە ئازایەتیدا و بەتوانای کەسێتی زۆرێك لە پلەی ئیداری و سەربازی بە دەست هێناوە لەوانە ( لێپرسراوی پۆلیس و سەرکردەی سەربازی و وەزیر و جێگری سوڵتان و سوڵتان).

## ڕەوشتی:

مێژووی ئیسلامی ئاشنای کەسێکی وەك سەڵاحەددین نەبووبوو، دوای جێنیشینەکانی ئیسلام، لەبەرئەوەی جیهانی بە ڕەوشتە بەرزەکانی سەرسام کردبوو کە ئەم ڕەوشتانەن:

١- جێبەجێکردنی پەیمان و پیاوەتی و بەخشین.

٢- لێبوردەیی و مامەڵەی بەرزی مرۆڤانەی لەگەڵ دیل و گیراوەکانی شەڕ لە جەنگاوەران.

٣- نزیکبوونەوە لە زاناکان و گرنگی دان بەسەرجەم زانستەکان.

٤- زۆر سادە دەژیا و حەزی لە ماڵ و کۆشك و کۆکردنەوەی پارە نەبوو و جل و بەرگی زۆر ئاسایی بوو.

٥- بە دەستپاکی دەناسرا، کە لە ساڵی (٥٨٩ ك) کۆچی دوایی کرد تەنها(١٧ حەقدە درهەمی) لە دوای خۆی بەجێهێشت.

## ئازایەتی و کارە بەجێ هاتووەکانی:

هەمـوو ژیانـی بریتـی بـوو لـە خۆبەختکـردن لـە پێنـاو خـودا و نەتـەوەی ئیسـلامدا و هـەر لـە تەمەنـی منداڵییـەوە هەتـا گەورەیـی لـە چەندەهـا شـەڕی گـەورەدا بەشـداری کـردووە لـە پێنـاو ئیسـلامدا و یەکێـك بـووە لـە سـەرکردە سـەربازییە گـەورەکان و ناسـراوە بـە دارشـتنی پلانـی سـەربازی و کەڵـە سیاسـییەکی بەتوانـا بـووە.

## گرنگترین کارەکانی:

١- دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی کە بووە هۆی یەکگرتنی وڵاتی میسر و شام و حیجاز و یەمەن.

٢- سەرکەوتنی بەسەر دوژمناندا لە شەڕی (حطین)ی بە ناوبانگدا.

٣- (قـودس)ی ڕزگارکـرد و لـە سـاڵی (٥٨٣ك) چـووە شـاری (قـودس)ەوە و کەسـی دووەم بـووە دوای عومـەری کـوڕی خەتـاب کـە (قـودس)ی ڕزگار کردبێـت.

## گفتوگۆ

**ئەمانە تەواو بکە:**

١- سـەڵاحەددینی ئەیوبـی لـە شـاری ................ لـە دایکبـووە لـە سـاڵی ................ . و سـەڵاحەددین لـە خێزانێکـی ................ دەژمێردرێـت کـە سـەر بـە هـۆزی ................ و نـاوی ................ کـوڕی ................ .

٢- ئەو پلە و پایانە چین کە سەڵاحەددین بە دەستی هێناوە:

........................................................ ، ........................................................ ، ........................................................ ،

........................................................

٣- بەڵگە لەسەر ئازایەتی سەڵاحەددین چییە؟

٤- لە گرنگترین کارەکانی سەڵاحەددین بڵێ لە کاتی حوکمڕانی دا.

٥- هەندێك لەو ڕەوشتانە بژمێرە کە بە سەڵاحەددین تایبەتمەندبن.

# وانەی بیست و دوو

# جگەرە کێشان و زیانەکانی



دایکی ئاری پێشوازی لە عومەر دەکات کە لە قوتابخانە گەڕاوەتەوەو ماچی دەکات.

**دایك**: ئاری بۆنی جگەرەت لێ دێت.

**ئاری**: دایە گیان هاوڕێیەکەم زۆری لێکردم کە لە دوای دەوام جگەرەیەك بکێشم.

**دایك**: قەت چاوەڕوانم نەدەکرد ئەم کارە خراپە ئەنجام بدەیت. نازانی کە جگەرەکێشان دەردێکی ترسناکە لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵ و کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر لایەنە تەندروستی و دەرونی و کۆمەلایەتییەکان، هەروەها ئاینی ئیسلامی پیرۆز ڕێگرە لە ئازاردانی جەستەی خۆمان و خەڵك و فەرمانمان پێ دەکات بە دور کەوتنەوە لە خراپەکان هەر چەندە بچوك و کەمیش بن، بە پشت بەستن بە فەرموودەکەی پێغەمبەر (د.خ): ( **اياكم ومحقرات الذنوب**) جگەرەکێشانیش لە گوناهە بچوکەکانە کە زیان بە تەندروستی گشتی دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی بەفیرۆدانی پارە.

ئەگەر خودای گەورە ئەو هەموو بەخششە باشانەی پێ بەخشیوین بۆ سوودیان لێ وەرنەگرین.

چونکە لاشەمان سپاردەیەکی خودایە و دەبێت پارێزگاری لێ بکەین.

چونکە دوکەڵ زیانبەخشە بە لاشەی مرۆڤ، و ئالەم ئایاتەدا هاتووە: ( ... وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا ) (النساء ٢٩)

ئینجا دایکی دەستی ئاری کوڕی دەگرێت و دەیبات بۆ شوێنی تایبەت بە ئامێری کۆمپیوتەر. و شوێنی تایبەت بە زیانەکانی جگەرە لەسەر تۆری ئەنتەرنێت دەکاتەوە. و دایکی ئاری وێنەی توشبووان بە نەهامەتیەکانی جگەرە پێشانی کوڕەکەی دەدات.

ئەوەی سەرنجی ئاری ڕاکێشا لە کاتی گەڕاندا. ئەو ناونیشانە دیارە بوو کە باسی لە زیانەکانی جگەرەکێشان دەکرد بۆ منداڵان و گەنجان کە ئەم خاڵانەی لە خۆ گرتبوو:

١- **زیان گەیاندن بە دڵ وسیەکان.**

٢- **تەنگەنەفەسی.**

٣- **کۆکەی بەردەوام.**

٤- **وەرینی موی سەر و بۆنی زۆر ناخۆش.**

٥- **زەردبوونی ددانەکان.**

لە کۆتاییدا ئاری سەیری دایکی کرد کە پەشیمانی بە دەم وچاویەوە دیاربوو، دەستی دایکی ماچکرد و زۆر بەهێمنی پێی گوت دایکە گیان پەیمان بێت لەمڕۆ بە دواوە جگەرە ناکێشم.



## گفتوگۆ

١- دایك به کوڕەکەی گوت: قەت چاوەڕوانی ئەو کارە خراپەم لێ نەدەکردی. بۆچی؟

٢- ئاینی ئیسلام فەرمانی چیمان پێ دەکات؟

٣- بۆچونی ئیسلام بەرامبەر جگەرەکێشان چییە؟

٤- ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بنووسە کە باس لە بەفیرۆدانی پارە دەکات؟

٥- ئەوەی دەیزانیت دەربارەی زیانەکانی جگەرەکێشان باسی بکە؟

٦- ئەمانە تەواو بکە:

ئـ- خودای گەورە بۆ مرۆڤ، ............حەڵاڵ کردووە و داوامان لێ دەکات دوور بکەوینەوە لە............ .

ب – پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمویێت: (إیاکم و محقرات................).

پ – جگەرە کێشان دەردێکی ترسناکە لەسەر ................ .

ت – لە دەمی ................ بۆنێکی ناخۆش دێت.

**خۆم ڕادەهێنم لەسەر:**

١- دووركەوتنەوە لەو شوێنانەی کە جگەرەی تێدا دەکێشرێت و هاوڕێیەتی جگەرەکێشان ناکەم.

٢- ئامۆژگاری هاوڕێیەکانم بە دووركەوتنەوە و خۆپاراستن لە جگەرە کێشان دەکەم.

## چالاکی

مامۆستا و قوتابییەکان هەڵدەستن بە ئامادەکردنی پۆستەر و زانیاری ئاگادارکردنەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی قوتابیان لە مەترسی جگەرەکێشان لەسەر تەندروستیی مرۆڤ و کۆمەڵگە قەدەغەکردنی لەلایەن شەرعەوە.

# وانەی بیست و سێ

# حەرامکردنی مەی خواردنەوە



لـە چاکەکانـی ئاینـی ئیسـلام حـەڵاڵ کردنـی خواردنـە خۆشـەکان و حەرامکردنـی خواردنـە زیـان بەخشـەکانە و ئەوانـەی زیـری لـە دەسـت مـرۆڤ دەدات.

یەکێـك لـەو قەدەغەکراوانـە (**مـەی – عـەرەق**) خواردنەوەیـە کـە مـرۆڤ، لـە سروشـتی ژیـری خـۆی لادەبـات.

چونکە حەرامکردنـی لە ئیسـلام دا پەیوەسـتە بـە ڕوداو و زەرەر، قورئـان و فەرمـودەکان بەڵگـەی حاشا هەڵنەگـرن لەسـەر قەدەغەکردنـی (**مـەی**).

خودای دلۆڤان دەفەرموێت:

( يَـٰٓأَيُّهَـا ٱلَّذِيـنَ ءَامَنُـوٓاْ إِنَّمَـا ٱلۡخَمۡـرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَـابُ وَٱلۡأَزۡلَـٰمُ رِجۡـسٞ مِّنۡ عَمَـلِ ٱلشَّيۡطَـٰنِ فَٱجۡتَنِبُـوهُ لَعَلَّـكُمۡ تُفۡلِحُـونَ ) (المائـدة ٩٠).

له فەرموودەی پێغەمبەریشدا (د.خ) هاتووە:

(**كل شراب اسكر فهو حرام**) واتا: هەر خواردنەوەیەك سەرخۆشكەر بێت حەرامە.

(**ومـا اسـكر كثيـره فقليلـه حـرام**). واتـا: هـەر خواردنـەوەیـەك بـەزۆر خواردنـەوەی سەرخۆشـكەر بێـت كەمەكەیشـی حەرامـە.

## هۆکارەکانی حەرامکردن:

١- کارێکی پیسی قیزەونە و تەنها لە کاری شەیتان دەچێت.

٢- دەبێتە هۆی دوژمنایەتی و دووبەرەکی و شەڕ و ئاژاوە لە ناو خەڵکیدا.

٣- مرۆڤ دور دەخاتەوە لە هەموو جۆرە خوداپەرستییەك و قورئان خوێندن و نوێژکردن و تەندروستی تێکدەچێت.

٤- یەکێکە لە زیان بەخشەکان، کە لە کەسێتی مرۆڤ کەم دەکاتەوە.

٥- دەبێتە هۆی بەفیرۆدانی پارە.

تەنها مەی خواردنەوە حەرام نەکراوە، بەڵکو ئەوەی پەیوەندی پێوە هەیە، پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت:(**لعن الله الخمر، وشاربها، ومعتصرها، وحاملها، والمحمول اليه، وآكل ثمنها**). واتا: خودا نەفرەتی لە مەی کردووە، هەروەها ئەوەی دیخواتەوە و ئەوەی دەیگوشێت و ئەوەی باری دەکات و ئەوەی لەسەری بار دەکرێت و ئەوەی نرخەکەشی دەخوات.

لە قورئانیشدا (**چوار**) ئایەت هاتوونەتە خوارەوە بۆ رێگرتن لە خواردنەوەی مەی. و لە بەزەیی خودای گەورە بۆ بەندەکانی قەدەغەکردنی هەر شتێك بەیەکجار نەبووە و بەچەند جارێك بووە، بۆ ئەوەی موسڵمان بتوانێت فەرمانەکانی خودای گەورە بەتەواوی جێبەجێبکات.

**لە قورئان دا مەی حەرامکردن بە چوار قۆناغ بووە و چوار ئایەتی لەسەردا هاتووە، کە موسڵمان دەگوازێتەوە لە قەدەغەکردنەوە بۆ قۆناغی حەرام کردن ئایەتەکانیش ئەمانەن:**

١ - خودای گەورە دەفەرموێت: ( وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلْأَعْنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ) (النحل ٦٧). ئەمە یەکەم ئایەتە دەربارەی بابەتی (سەرخۆشی و مەی) هاتۆتە خوارەوە.

٢- خودای گەورە دەفەرموێت: ( يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا ۗ ...) (البقرة ٢١٩). لەم ئایەتەدا باس لە خراپی (مەی) دەکات و هانی موسولمان دەدات بۆ دوورکەوتنەوە لێی.

٣ - قۆناغی سێیەم ئەویش حەرامکردنی (مەی) خواردنەوەیە لە کاتی نوێژەکاندا، بەهۆی ئەوەی کە یەکێك لە هاوڕێیانی پێغەمبەر (د.خ) پێشنوێژی بۆ هاوەڵەکانی دەکر و بەهۆی سەرخۆشیەوە قورئانی بەغەڵەت بۆ خوێندنەوە و بۆ پێغەمبەریان گێڕایەوە و خودای گەورە ئەم ئایاتەی ناردە خوارەوە: ( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُوا۟ مَا تَقُولُونَ .....) (النساء٤٣).

٤ - قۆناغی کۆتایی بە ئایەتی: ( يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَـٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَـٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ) (المائدة ٩٠). لەم ئایاتەدا خودای گەورە تەواو (مەی) حەرامکردوە و پێویستی کرد لەسەر هەموو موسوڵمانێك بەحەرامی بزانێت لێ دووربکەوێت، وەك لە کۆتایی ئایەتەکەدا هاتووە: ( إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَـٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ فِى ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ) (المائدة ٩١).

هاوەڵانی پێغەمبەر وەڵامی ئایاتەکەیان دایەوە و گوتیان (وازمان هێنا، وازمان هێنا).

## گفتوگۆ

١- هۆکاری حەرامکردنی مەی خواردنەوە چییە لە ئیسلام دا؟

٢- حیکمەت چییە لە حەرامکردنی مەی بەچەند قۆناغێک؟

٣- قۆناغەکانی حەرامکردنی مەی بژمێرە بە پشت بەستن بە ئایەتەکانی قورئان.

## چالاکی

چەند گروپێک (٤-٥) قوتابیان ڕاپۆرت بنوسن دەربارەی زیانەکانی (مەی) خواردنەوە لەسەر تەندروستی.

# ناوەرۆك


| وانە | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| | پێشەکی | ٣ |
| وەرزی یەکەم | | |
| وانەی یەکەم | تاك و تەنیایی خودای گەورە | ٧ |
| وانەی دووەم | توانای خودای گەورە | ٩ |
| وانەی سێیەم | چاکەی خودا بەسەر مرۆڤەوە | ١٢ |
| وانەی چوارەم | چاکەی خودای گەورە ... | ١٦ |
| وانەی پێنجەم | چەند پەندێك لە چیرۆکەکانی قورئان (هاوڕێیانی ئەشکەوت) | ١٩ |
| وانەی شەشەم | چەند وێنەیەك لە ژیانی پێغەمبەر(د.خ) | ٢٢ |
| وانەی حەوتەم | عائیشە دایکی باوەڕداران(ڕەزای خودای لەسەربێت) | ٢٥ |
| وانەی هەشتەم | بەرپرسیارێتی لە ئیسلامدا | ٢٧ |
| وانەی نۆیەم | دەمارگیری زیان و چارەسەر | ٣٠ |
| وانەی دەیەم | تورەبوون زیان و چارەسەر | ٣٣ |
| وانەی یازدەیەم | دڵسۆزی لەکارکردن | ٣٥ |
| وانەی دوازدەیەم | ئیرەیی | ٣٧ |
| وانەی سێزدەیەم | حەرامکردنی ماددە هۆشبەرەکان | ٣٩ |
| | | |
| | | |

# ناوەڕۆك


| وانە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| وەرزی دووەم | | |
| وانەی چواردەیەم | چیرۆکی یونس (ڕەزای خودای لەسەربێت) | ٤٢ |
| وانەی پازدەیەم | هاوەڵان پلەو پایەیان لەلای موسڵمانان | ٤٥ |
| وانەی شازدەیەم | دەستەبەری کۆمەڵایەتی | ٤٦ |
| وانەی حەڤدەیەم | دەستەبەری هەتیو | ٥٠ |
| وانەی هەژدەیەم | ڕێگرتن لە بەفیڕۆدان و زیادەڕۆیی | ٥٢ |
| وانەی نۆزدەیەم | حەج و مەرجەکانی | ٥٤ |
| وانەی بیستەم | کاتی حەج | ٥٧ |
| وانەی بیست و یەك | سەلاحەددین ئەیوبی | ٦٢ |
| وانەی بیست و دوو | جگەرەکێشان و زیانەکانی | ٦٥ |
| وانەی بیست و سێ | حەرامکردنی مەی خواردنەوە | ٦٨ |
| | ناوەڕۆك | ٧١ |